زانكۆى سەلاحەدين
كۆلێژى پەروەردە- مەخموور
بەشى زمانى كوردى

# ڕێبازە ئەدەبييەكان

م. سۆران مامند عبدالله

سالْى خوێندنى(2020-2021)

## دەروازە

ئەو پرسە سەرەنجڕاکێشەی لە مێژووی ئەدەب و رەخنەی ئەدەبی رۆژئاوا بەژێر ناونیشانی قوتابخانە یان رێبازی ئەدەبی تاوتوێ دەکرێ، بابەتێکی زۆر گرنگە کە ئەمڕۆ بەشێکی مەزن لە ئەدەبی جیهان لە رووی مێژووی ئەدەبی و رەخنەی ئەدەبی لەخۆ دەگرێ. هەرکام لە رێبازە ئەدەبییەکان کشکۆڵی کۆمەڵە تێڕوانین و تایبەتمەندییەکن کە لە ئەنجامی هەلومەرجی کولتووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراو لە مەیدانی ئەدەبی وڵاتێک یان چەند وڵات بەدیهاتوون. بەزۆری ئەم تایبەتمەندییانە لە بەرهەمی کۆمەڵە نووسەر یان شاعیرێکدا هاوبەشن و بەهۆی ئەم تایبەتمەندییانە بەرهەمەکانیان لە بەرهەمی نووسەر و شاعیرانی تر جیا دەکرێنەوە. بە زۆری رەخنەگران یان نووسەران و شاعیرە مەزنەکان، ئەم تایبەتمەندییانە لە کانگای ئەو بەرهەمانەوە هەڵدەوێنجن کە ئەم تایبەتمەندییە هاوبەشانەیان لە هەناودا هەڵگرتووە و وەکو رێسا و بنەمای رێبازە ئەدەبییەکەیان دەیناسێنن، ئینجا لە رێگەی ئەو کەسانەی پێڕەوی لە رێبازەکەیان دەکەن، قۆناغێکی کورت یان دوورودرێژ لە مێژووی ئەدەب بۆ خۆیان پاوان دەکەن.

رێبازە ئەدەبییەکان یان (ئیزم)ە ئەدەبییەکان، بریتین لە: بەرهەمە ئەدەبییە جۆربەجۆرەکانی قۆناغە جیاوازەکان کە بەپێی تایبەتمەندی و خەسڵەتی هاوبەش پۆلینکراون و ناونراون. ئەم رێبازانە وەکو پێوەرێک بۆ رەخنە و هەڵسەنگاندنی بەرهەمی ئەدەبی، لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژووی ئەدەبی بەردەست دەکرێن. دەرکەوتنی هیچ کام لە رێبازە ئەدەبییەکان لەپرا و بێ پێشینە نەبووە و دەکرێ هەندێ لە تایبەتمەندییەکانی رێبازێکی ئەدەبی، لە تایبەتمەندییەکانی بەرهەمە ئەدەبییەکانی قۆناغی پێش خۆی ببینرێتەوە کە بەهۆی ئەو بارودۆخ و ژینگەیەی کە بۆی رەخساوە، وردەوردە گەشەی کردوە و تایبەتمەندی و خەسڵەتەکانی لە قۆناغی دواتر بەرجەستە بووە. زۆرجار دامەزرێنەرانی رێبازێکی ئەدەبی ئاگاداری تایبەتمەندییەکانی بەرهەمی خۆیان نەبوونە، بەڵام کەسانێک کە رەخنەگر یان ئەدیب بوونە، شێوازە هونەرییەکانی ئەوانیان دەسنیشان کردوە و تایبەتمەندییەکانیان نووسیوەتەوە و دواتر لە چوارچێوەی بەیاننامەیەکدا کە لە زاراوە ئەدەبییەکەیدا (مانیفێست)ی پێدەگوترێ، رایانگەیاندوە و ئامانج و شێواز و تایبەتمەندییەکانی رێبازە ئەدەبییەکەیان شیکردۆتەوە. دواتر کۆمەڵە کەسێک درێژەیان بەم شێوازانە داوە و گەشەیان پێداوە و بەم چەشنە رێبازێک دەرکەوتوە.

زۆر کەم روویداوە بنەماکانی ڕێبازێکی ئەدەبی سەرەتا بە شێوەی تیۆری رابگەیێنرێ و ئینجا دواتر شاعیر و نووسەران بەرهەمەکانیان لەسەر بنەما تیۆرییەکانی داڕێژبێ. لەم جۆرەدا بە زۆری کۆمەڵە کەسێک کە بۆچوون، شێواز و ئامانجی هاوبەشیان هەیە، کۆ بوونەتەوە و مانیفێستی خۆیان ڕاگەیاندوە و بنەماکانی مانیفێستەکەیان لە بەرهەمەکانیاندا بەکار بردوە و هەوڵەکانی لەم جۆرە لە بازنەی گروپێکی سنووردراردا خولاوەتەوە و تەنیا شێوەی بزاڤێکی ئەدەبی هەبووە کە دواتر بۆتە هۆی دەرکەوتنی ڕێبازێکی ئەدەبی تایبەت. بۆ نمونە گروپی (پلییاد) کە لە ناوەڕاستی سەدەی شازدەی زایینی لە فەڕەنسا لەدایکبوو و چالاکییەکانی ئەم گروپە پێشەکییەک بوون بۆ دەرکەوتنی ڕێبازی کلاسیزمی نوێ.

بە زۆری ڕێبازەکان لە هەر قۆناغێکدا بەپێی تێڕوانینی فەلسەفی سەردەمیانە سەبارەت بە هونەر و ژیان دەردەکەون، بەڵام هەندێجار رەگ و بنی ئەم تێڕوانینانە بۆ رۆژگاری دوور دەگەڕێنەوە؛ چونکە تۆران لە سەردەم و پەرچەکردار لە بەرامبەر بارودۆخی رۆژ، دەبێتە هۆی ئاوردانەوە و رووهێنان بۆ فەلسەفە و تێروانینی هونەری رابوردوو و لە ئەنجامدا نوێبوونەوەی ئەم تێروانینانەی لێدەکەوێتەوە. بۆ نمونە ڕێبازی کلاسیزمی نوێ لە ئەنجامی گەڕانەوە بۆ بنەماکانی ئەرەستۆ و هونەر و فەلسەفەی یۆنانی کۆن لە سەدەی شازدە و هەڤدەی زایینی لە ئەدەب و هونەردا لەدایکبوو.

تێروانینی فەیلەسوف و هونەرمەندانی هەر قۆناغێکی مێژوویی سەبارەت بە بوون و جیهانی دەوروبەریان کە ئەویش خۆی بەرئەنجامی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی قۆناغ و سەردەمی خۆیانە، گرنگ ترین هۆکاری دەرکەوتنی ڕێبازە ئەدەبییەکانن. ئەوەی گرنگە شێوازی جیهانبینی و بنچینەی فەلسەفی و فیکری پێشەوایانی ڕێبازەکەیە. لە ئەنجامی ئەم جیهانبینییەدا دەربڕینی هونەریش گۆڕانی بەسەردا دێ، شێوازی کەڵک وەرگرتن لە زمان و چۆنییەتی بەکاربردنی وشەکان دەگۆڕێ. بەمانایەکی وردتر، شێوازی بیرکردنەوە و خەیاڵکردن کار دەکەنە سەر شێوازی دەڕرینی هونەریانەی بەرهەم و لە جیاکردنەوەی ڕێبازێک لە ڕێبازێکی تر بە فاکتەری سەرکی دادەنرێن.

ئەگەرچی دەرکەوتنی هەمو ڕێبازێک بەرئەنجامی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی و هزری باوی کولتوری و فەلسەفی رۆژگاری خۆیەتی، بەڵام زۆرجار هەبووە هاوکات ڕێبازی تەواو لێکتر جیاواز لە وڵاتێک دەرکەوتوونە و لەتەک یەکتریدا گەشیان کردوە و لەگەڵ ئەوەشدا کە تەواو لێکتر جیاواز بوونە، لەهەمانکاتدا پەیرەوانی خۆیان هەبوو. بۆ نمونە هەر دوو ڕێبازی (ریالیزم) و

(سیمبولیزم) بە هەمو جیاوازییەکەوە، هاوکات لە دەورووبەری سەدەی نۆزدەم دەرکەوتن.

زۆربەی رێبازەکان لە قۆناغی یەکەمدا لە وڵاتێک دەرکەوتوون و دواتر بەرەو ئەدەبی وڵاتانی تریش پەلیان هاویشتووە و هەندێجار لەچاو زێدی خۆی لە وڵاتانی تر بارودۆخێکی هەموارتری بۆ رەخساوە و لە ژینگەی نوێیدا گەشەیەکی فراوانتری کردوە. هەندێ رێبازی تریش هەن کە لە ئەنجامی لێکدان و ئاوێتەبوونی چەند رێبازێکی جیاواز بەدیهاتوون. لە سەردەمی نوێدا بەهۆی پەیوەندی کولتووری میلەتان و ئاشنابوونیان لەگەڵ زمان و ئەدەبی یەکتری، ئەم کاریگەری و کارتێکردنە خێراتر بووە و بەزۆری بۆتە هۆی کورت ماوە بوون و ئاوێتەبوونی رێبازەکان. بۆ نمونە رێبازە ئەدەبی و هونەرییەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم کە لەدایکبووی بارودۆخی ناجێگیر و بێ سەروبەری ئەم قۆناغە و بەرئەنجامی هونەرخوازی گروپە بچوکەکانە، بە زۆری تەمەنێکی کورتیان هەبووە و کاریگەرییەکی بەرفراوان و بەردەوامیان نەبووە.

بە زۆری شاعیر و نووسەرە مەزنەکان، رابەران و پێشەنگانی هەموو رێبازێک بوونە کە بەهۆی رەسەنایەتی کاری هونەری، سیمایەکی نوێیان بە ئەدەب داوە و نووسەر و شاعیرانی تریان بەدوای خۆیاندا راکێشاوە. هەروەک باسمان کرد، ئەوەی بنەما و هێڵە گشتییەکانی رێبازێک دیاریدەکات، بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی یان تێروانینێکی فەلسەفی تایبەتە کە هاوکات بەسەر هونەرمەندە رەسەنەکانیشدا زاڵبووە. بۆیە لێکۆڵینەوە لە رێبازە ئەدەبییەکان سەرەڕای ئاشنابوون بە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو قۆناغەی کە رێبازەکەی تێدا لەدایکبووە، تێڕوانینی فەلسەفی و هونەری شاعیر و نووسەران و شێوازی جیهانبینیان بەدیاردەخات و بۆ لێکۆڵینەوە لە ژیان و بەرهەمی شاعیر و نووسەر و تێگەیشتن لە کەسێتی و بەهای کارەکانی بەسوودە.

## سەدەکانی ناوەڕاست

سەدەکانی ناوەڕاست لە مێژووی ئەوروپادا بە یەکێک لە قۆناغە گرنگەکانی مێژوویی دادەنرێت کە لە ٤٠٠ تاکو ١٤٠٠ زایینی دەگرێتەوە. هەروەها بە (سەدەکانی تاریکی)ش ناسراوە و ئەم ناونانەش بۆ تایبەتمەندییەکانی ئەم قۆناغە دەگەڕێتەوە. تایبەتمەندیی ئەم قۆناغە بریتی بوو لە زاڵبوونی کەلیسا بەسەر سەرجەم جومگەکانی ژیان لە رووی ئایینی، سیاسی، ئابووری، کولتووری و ...هتد دەسەڵاتی کەلیسا لەم سەردەمەدا باڵی بەسەر زانست و زانیاری داگرتبوو و کەس نەدەبوایە لە رێنماییەکانی

کەلیسا دەربچێ و لەو سنوورانە دەربچێ کە بۆ دینی رەوا، زانستی رەوا داینابوون. بۆیە لەم سەردەمە تاریکی باڵی بەسەر ئەورووپا لە رووی زانست و مەعریفە داگرتبوو.

یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، دروستبوونی سیستەمی فیودالیزم یان دەرەبەگایەتی بوو. لە سیستەمی دەرەبەگایەتیدا، کۆمەڵگە بەسەر دوو چین یان توێژی جیاوازدا دابەش دەکرێ: یەکەم، دەرەبەگەکان. دووەم، جوتیاران.

دەرەبەگەکان خاوەن زەوی و کار بوون و لە رووی سیاسییەوە خاوەن دەسەڵاتی هەرێمی بوون. چینی جوتیار وەکو سەپان و کارەکەر لە سەر کێڵگەی دەرەبەگەکان کاریان دەکرد و لە هەموو لایەکەوە بە دەسەڵاتی ئابووری و سیاسی دەرەبەگایەتییەوە بەسترابوونەوە.

لەم سەردەمەدا پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان دەسەڵاتی کەلیسا و دەسەڵاتی دەرەبەگایەتی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی دوو لایەنانە دامەزرابوو. دەرەبەگەکان لە رووی داراییەوە پشتیوانی لە کەلیسا و پێشەوایانی کەلیسا دەکەن و لە بەرامبەردا کەلیسا دۆخێکی پیرۆز بە دەسەڵاتی دەرەبەگ دەبەخشێ و لە رێگەی شەرعەوە رەوایەتی بە ستەمکاریی پاشا و دەرەبەگەکان دەدات.

لەم سەردەمەدا ئەدەبیش لە خزمەت کەلیسا و کۆشکی پاشا و دەرەبەگەکاندا بووە. کتێبی پیرۆز (ئینجیل) بە زمانی لاتینی نووسرابوو وهەروەها زمانی رەسمی کەلیساش بوو، بۆیە تەنیا زمانێک کە شایانی ئەوە بوو ئەدەبی پێ بنووسرێ، زمانی لاتینی بوو و بابەت و ناوەڕۆکی نووسینی ئەدەبیش چیرۆکەکانی ناو کتێبی پیرۆز و بەسەرهات و ژیانی پێشەوایانی دینی مەسیحی و شۆرەسواریی و قارەمانێتی دەرەبەگەکان بوو.

لە سەدە کۆتاییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا بە دیاریکراویی لە سەدەی چواردەی زایینیەوە لە ژێر کاریگەریی بزاڤێکی سیاسی، کولتووریی، کۆمەڵایەتی نوێدا کە بە رێنسانس ناسراوە، وردەوردە دەسەڵاتی کەلیسا و سیستەمی دەرەبەگایەتی بەرەو لاوازیی رۆیشت و لە ئەنجامدا کۆتایی بەم سەردەمە دووردرێژەدا هات و یەکەمین هەنگاو بۆ دەرکەوتنی ئەدەبی نەتەوایەتی هاوێشتراو و دواجار سەرهەڵدانی رێبازی کلاسیزمی نوێی لێکەوتەوە.

## رێنسانس ١٣٢١-١٦٠٠

رێنسانس یان بوژانەوە، بزاڤێکی کولتووریی کاریگەرە کە لە سەدەی چواردەی زایینی لە ئیتاڵیا سەریهەڵداوە. سەردەمی رێنسانس بە قۆناغی گواستنەوە لە سەدەکانی ناوەڕاست بۆ سەردمی نوێ دادەنرێ و هەوێنی گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە بوارە جۆراوجۆرەکانی وەکو گۆڕانکاریی زانستی، چاکسازیی ئایینی، پێشکەوتنی هونەریی بووە.

ئەم بزاڤە کولتوورییە نزیکەی سێ سەدە بەردەوامبوو و لە ماوەی ئەم سێ سەد ساڵەدا بە سەرجەم ئەورووپادا بڵاوبۆوە و بە شێوەیەکی گشتی بناغەی سیستەمی سیاسی، ئابووری، کولتوری، هونەری و زانستی وڵاتانی ئەمڕۆی رۆژئاوای داڕێشت. لەم قۆناغەدا کۆمەڵە شاعیر و فەیلەسووفێک دەرکەوتن کە بە پشت بەستن بە میراتی کولتووری و فەلسەفی یۆنان و رۆم، جیهانبینییەکی نوێیان هێنایە ئاراوە  و جگە لە زمانی لاتینی بە زمانی نەتەوەییش بەرهەمیان بڵاوکردەوە.

## رابەرانی رێنسانس[1]

## دانتی ئەلیگری ١٢٦٥[2]-١٣٢١

لە شاری فلۆرەنسای ئیتاڵیا لەدایکبووە، لە سەردەمی لاوێتیدا بەشداری لە چالاکییە سیاسییەکانی شارەکەیدا کردوە و بەم هۆیەوە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە، شاربەدەر کراوە. بە رای زۆرێک لە شارەزایانی ئەدەب و مێژوو (دانتی) بە یەکەمین پێشەنگانی سەردەمی رێنسانس دادەنرێت. ئەم شاعیرە مەزنەی ئیتاڵیا بە نووسینی کتێبە بەناوبانگەکەی بەناوی (کۆمیدیای یەزدانی) سەلماندی کە دەکرێ بە زمانی نەتەوەیی شاکاریی نەتەوەیی بخوڵقێنرێت. دانتی لە نووسینێکیدا بەژێر ناونیشانی ((سەبارەت بە زمانی نەتەوەیی))دا بانگەشەی ئەوە دەکات کە لە بری زمانی لاتینی، زمانی ناوچەیی بکرێ بە زمانی ئەدەب و نووسین. دانتی زمانی لاتینی بە (نانی گەنم) دەچوێنێ کە خۆراکی دەرەبەگ و پێشەوایانی کەلیسایە و زمانی نەتەوەیی بە (نانی جۆ) دەچوێنێ کە خۆراکی خەڵکی ئاسایی و هەژارە.

(ژیانێکی نوێ)  یەکەمین بەرهەمی ئەدەبی دانتییە کە بە زمانی ئیتاڵی نووسیویەتی، دانتی ئەم بەرهەمە بە شێوەی شیعر و پەخشان بۆ خۆشەویستەکەی کە ناوی (پیاتریس پۆرتیناری)یە نووسیوە. بەشی یەکەمی

---

[1] - رابەرانی سەردەمی رێنسانس کێن و بەرهەمەکانیان کامانەن؟

[2] - رۆڵ و کاریگەریی ئالیگری دانتێ لە سەردەمی رێنسانسدا چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

بەرهەمەکە بە شێوەی شیعرە و بۆ وەسفی جوانی خۆشەویستەکەی نووسیویەتی و لە بەشی دووەمی بەرهەمەکەدا کە بە شێوەی پەخشان نووسراوە باسی مەرگی خۆشەویستەکەی کردوە. گرنگترین بەرهەم و شاکاری دانتی بریتیە لە (کۆمیدیا) کە دواتر بە (کۆمیدیای یەزدانی) ناسرا. ئەم کتێبە لە سێ بەرگ پێک هاتووە:

١- دۆزەخ ٢- بەرزەخ(پاکژگە) ٣- بەهەشت

ئەم بەرهەمە ئەدەبییە مەزنە لە ١٠٠ سروود پێکهاتووە. هەر یەک لە بەرگەکانی ئەم بەرهەمە واتا دۆزەخ، بەرزەخ و بەهەشت لە ٣٣ سروود پێکهاتوون و لەگەڵ تاک سروودێک کە وەکو پێشەکی بۆ بەرهەمەکە دانراوە و بەسەریەکەوە دەبنە ١٠٠ سروود. سەرەڕای ئەوەی کە ئەم کتێبە لەسەر بنەمای فیکری و فەلسەفی ئایینیدا نووسراوە، بەڵام هاوکات رەخنەی توند و جدیشی ئاراستەی کەلیسا، پاپا و پێشەوایانی دین کردوە. هەروەها هەستی نیشتمانپەروەری و شانازیکردن بە زمانی ئیتاڵی لە بەرهەمەکەدا بە تەواوی ئاشکرایە.

ئەم شاکارە جیهانییە سەرەتا لەلایەن دانتی خۆی ناوی (کۆمیدیا)ی لێنراوە، بەڵام دوای دانتی بەهۆی بەرزی تێڕووانین، شێوازی نووسین و گوزارشت کردنی بابەتەکان، بەرزی زمان و دەربڕین، وشەی (یەزدانی)شی خرایەسەر ئەوەش بەومانایە کە بەرهەمەکە لە هەموو روێکەوە لە لوتکە دایە و هیچ کەم و کوڕییەکی تێدا بەدیناکرێ.

## پێترارک ١٣٠٤-١٣٧٤

شاعیر و نووسەرێکی ناوداری ئیتاڵیا لە سەردەمی رێنسانس بووە و لە فلۆرەنسا لەدایکبووە و سەرکردایەتی بزوتنەوەی هیومانیزمەکانی کردوە. یاسا و زانستە ئایینییەکانی خوێندووە و خزمەتی زۆری کەلیسا کردوە و شارەزای زمانی لاتینی بووە. پێترار پێیوابووە سەردەمی رۆمییەکان سەردەمێکی نمونەیی و مێژوویی وڵاتەکەی بووە. بەرهەمەکانی جۆربەجۆرن و لە زۆر بواری وەکو مێژوو، فەلسەفە، سیاسەت و رەوشت بەرهەمی دانسقەی هەیە. بەرهەمە بەناوبانگەکانی بریتین لە:

١- گیانی بەرز ٢- نیشتمانەکەم ئیتاڵیا ٣- ئەفریقا ٤- چەند نامەیەکی بێ ناونیشان

## جیۆڤانی پۆکاچیۆ ١٣١٣-١٣٧٥

لە پاریس و لە خێزانێکی فلۆرەنسی لەدایکبووە. لە سەردەمی لاوێتیدا دەگەڕێتەوە ئیتاڵیا و لە شاری فلۆرەنسا تێکەڵ بە کاری سیاسی دەبێت و لە بڵاوکردنەوەی هەستی نەتەوایەتیدا دەورێکی باڵای دەبێت.

گرنگترین بەرهەمی ئەم نووسەرە کە بە شاکارێکی جیهانی دادەنرێت (دیکامێرۆن)ە. ئەم بەرهەمە لە سەد کورتە چیرۆک پێکهاتووە کە لە ماوەی دە رۆژدا لەلایەن دە کەس دەگێردرێتەوە ئەم دە کەسە کە حەوتیان کچ و سێیان کوڕن لە ترسی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی کۆلێرا هەڵاتوون و لەناو بینایەک لە دەرەوەی شاردا خۆیان شاردۆتەوە. ناوەڕۆکی ئەم بەرهەمە بریتییە لە چیرۆکە میللی و هەقایەتەکانی میللەتانی رۆژهەڵات و بەسەرهاتی گەشتی بازرگانان. چیرۆکەکان بە شێوازی گاڵتەوگەپ نووسراون و کار و هەڵسوکەوتی پیاوانی ئایینی ریسوا دەکات.

لە راستیدا رێنسانس تەنیا بزاڤێکی مێژوویی نییە، بەڵکو قۆناغێکە کە سەرەتا و کۆتاییەکەی لە شوێنە جیاوازاەکاندا جیاوازە. لەم قۆناغەدا لە هەر وڵاتێکدا کۆمەڵە گۆڕانکارییەکی مێژوویی هاتنەئاراوە کە بەڕادەیەکی زۆر پێکەوە گرێدراون. ئەم گۆڕانکاریانە لە پڕێک بەهۆی دۆزینەوە و داهێنانە نوێکان خێراتر بەڕێوەچوون و زۆر بە قووڵی کاریان لە رێرەوی ژیانی مرۆڤدا کرد.

## هۆیەکانی سەرهەڵدانی رێنسانس[3]

یەکەم: لاوازبوونی دەسەڵاتی کەنیسە.

دووەم: دەرکەوتنی هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانخوازی و بایەخدان بە زمانی نەتەوەیی. ئەویش وەک بەرپەچدانەوەیەک بۆ زمانی کەنیسە کە زمانی لاتینی بوو.

سێیەم: بێ هێزبوونی رژێمی دەرەبەگایەتی، کە چەندین سەدە بوو خەڵکی دەچەوساندەوە.

چوارەم: داهێنانی ئامێری چاپ لە لایەن گۆتێنبێرگ، خاڵی وەرچەرخان بوو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا و هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ وریابوونەوەی خەڵکی ئاسایی ناو کۆمەڵگەدا.

[3] - هۆیەکانی سەرهەڵدانی رێنسانس چین؟ باسیان بکە.

پێنجەم: دۆزینەوەی جوگرافیای نوێ، وەکو گەشتی مارکۆپۆلۆ، واسکۆدۆگاما، کۆلۆمب و ...هتد. تێڕوانینی نوێی سەبارەت بە جیهان و نەتەوەکانی تر لای ئەوروپییەکان دروستکرد.

## کلاسیسیزمی نوێ

بەپێی تێڕوانینی سەرەکی ڕێبازە ئەدەبییەکان بە ڕێبازی کلاسیسیزمی نوێ دەسپێدەکات و سەرەکی ترین پێناسە کە بۆ ئەم ڕێبازە کرابێ بریتییە لەوەی کە کلاسیسیزم ((گەڕانەوە بۆ هونەری کۆنی یۆنان و ڕۆم بە پشت بەستن بە بزاڤی ئۆمانیزم و ڕێنسانسە.)) یۆنانییەکان خاوەن ئەدەبێکی بەرز و مەزن بوون و دوابەدوای ئاوابوونی خۆری دەسەڵاتی یۆنانییەکان ئەوە ڕۆمییەکان بوون کە بوونە میراتگریان؛ فەلسەفە، زانست و ئەدەبی یۆنانییەکانیان بە بناغەی فەلسەفە، زانست و ئەدەبی خۆیان پەسندکرد. لاساییکردنەوە لە ئەدەبی یۆنانی بنەمای ڕەسەنایەتی ئەدەبی ڕۆمییەکان بوو و پاشان بەتێپەڕبوونی کات هەر ئەدیبێک توانای ئەفراندنی بەرهەمی ئەدەبی لەسەر بنەمای هونەری شیعریی یۆنانی هەبووایە، بە ئەدیبێکی کلاسیزم یان کلاسیکی دادەنرا. زاراوەی کلاسیسیزم لەم کاتەدا بەمانای قوتابخانە بوو.

لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەم لە فەڕەنسا ڕێبازێکی ئەدەبی سەریهەڵدا کە بە ڕێبازی کلاسیسیزمی نوێ ناسرا. ئەم ڕێبازە ئەدەبییە، ئەدەبی ناوچەیی لە ئەورووپا ڕەتدەکردەوە و بانگەشەی بۆ ئەدەبی کۆن دەکرد و تەنیا ئەدەبی کۆنی بە ئەدەبێکی بەرز و ڕەسەن دەزانی. داوای دەکرد گشت نووسەران لاسایی ئەدەبی یۆنان و ڕۆمی بکەنەوە و ئیلهامی لێوەربگرن و لەسەر ڕێباز و شێوازی هونەری ئەدیبە ناسراوەکانی بڕۆن. بۆیە لە پێناسەی ڕێبازی کلاسیسیزمدا گووتراوە گەڕانەوە بۆ هونەری کۆنی یۆنان و ڕۆم.

لەم سەردەمەدا لە ئەورووپا کۆمەڵەیەکی ئەدەبی بانگەوازی بۆ ئەم جۆرە ئەدەبییە دەکرد کە بە (پلەئییاد) ناسرابوون. ئەم کۆمەڵە ئەدەبییە پێیانوابوو بەرلەوەی دەست بۆ خامە ببەن، دەبێ بخوێننەوە و فێربن و پەروەردە بکرێن. لێرەوە بوو کە گەڕانەوە بۆ ئەدەبی یۆنان و ڕۆم

سەرەنجی پێدرا، چونکە بۆیان دەرکەوت لە رابوردوودا کۆمەڵە شاعیرێکی مەزن هەبوون کە بەرهەمەکانیان زۆر بەرزتر و رەسەنتر لە بەرهەمی شاعیرانی هاوچەرخیانن. بۆیە دەبێ بەرهەمەکانیان بکرێنە بنەما و پەردە لەسەر نهێنییەکانیان لابدرێت و کۆمەڵە بنەما و رێساپەک لە بەرهەمی ئەم کەڵە شاعیرانە هەڵێنجرێ. بەیاننامەکانی کۆمەڵەی پلەئییاد لە فەڕەنسا لەراستیدا سەرەتایی ترین ئەزموون سەبارەت بە وردبوونەوە و تێڕامان لە کاری ئەدەبی و هونەری شاعیری و بنەما تایبەتەکانی جۆرە ئەدەبییە جیاوازەکان بوون. یەکەمین هەنگاو بۆ دەرکەوتنی ڕێبازی کلاسیسیزمی نوێ لە ئەورووپا لەلایەن کۆمەڵەی پلەئییاد هەڵبڕا، بەڵام رابەری راستەقینەی ئەم رێبازە فڕانسوا مالێرب (١٥٥٥-١٦٢٨) بوو کە لە ساڵی ١٦٠٥ لە سەردەمی پاشای فەڕەنسی هێنری چوارەم بە شاعیری کۆشکی پاشایەتی هەڵدەبژێردرێ.

لێکۆڵەران و مێژوونووسانی بواری ئەدەب رێبازی کلاسیسیزمی نوێ بەسەر دوو قۆناغدا دابەش دەکەن:

**قۆناغی یەکەم**: لە ١٦٣٠-١٦٦٠ کە شاعیری مەزن کۆڕنی چەند شانۆنامەیەکی گرنگی نووسی بۆ نمونە، السید ١٦٣٦ و هۆراس ١٦٤٠.

قۆناغی دووەم: لە ١٦٦٠-١٦٨٦ لەم قۆناغەدا چەند ئەدیبێکی گەورە وەکو (راسین) و (مولێر) دەرکەوتن. ئەم دوو ئەدیبە بەهۆی شانۆنامە بەهێزەکانیان بەناوبانگ بوون.

بارودۆخی کۆمەڵایەتی

بۆ ئەوەی دەسنیشانی هۆکارەکانی دەرکەوتنی یاسا پتەو و نەگۆڕەکان لە چوارچێوەی هونەر و ئەدەبدا بکەین، دەبێ بە کورتی ئاماژە بە باردۆخی کۆمەڵایەتی قۆناغی کلاسیک بکەین. ئەم سەردەمە بەر لە هەموو شتێک قۆناغی پلەوپایەی کۆمەڵایەتییە. لەم سەردەمەدا دەسەڵاتی ناوەندی بەهێز سەریان هەڵدابوو. پاشا بەپێی ئەو مافەی کە خودا پێی داوە، فەرمانڕەوای رەهایە. بە کەیفی خۆی

هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵکی وڵاتەکەی و سەروەت و سامانیان دەکات. خۆشەویستی نیشتمان بە چەمکی خۆشەویستی و وەفاداری بە پاشا و ملکەجبوونی فەرمانەکانی پاشا گرێدابوو. دروشمی باو لەم سەردەمەدا بریتی بوو لە: ((یەک یاسا، یەک دین، یەک پاشا)). ژیانی ناو کۆشکەکان رازاوە و پرشنگدار بوو. لەم کۆشکانەدا هەموو شتێک بەپێی دابونەریت و یاسا رێکخراوە. هەموو کەس دەبێ ملکەجی ئەو یاسایانە بن کە بەوردی داڕێژراون. لادان لەم یاسایانە یان هەوڵدان بۆ گۆرینیان بە قەدەغەشکێنی دادەنرێت و قەدەغەشکێنیش تاوانێکی گەورەیە.

کەواتە لە جیهانی ئەدەبیشدا دەبێ ملکەجی یاسا و رێسا بن. بەرلە هەموو شت دەبێ بزانرێ کە ئەدەب و هونەر بەمانای کات بەسەربردن نییە. ئەدەب و هونەر تەنیا کاتێک بەهادار دەبێ کە ئامانجی پەروەردەیی لە پشتەوە بێ و یان خزمەتی رەوشت بکات. لەم ناوبەرەدا دەبێ ئاماژە بەوە بدرێ کە بۆ ئەدەب و هونەر یاسای دیاریکراو دەسنیشانکراون، دەکرێ لەسەر ئەم یاسا و بنەما سەرەکییانە گفتوگۆ بکرێ، بەڵام نابێ بیر لەوە بکرێتەوە ئەم یاسایانە بەلاوە بنرێن و تەنیا کاتێک بەرهەمی ئەدەبی دەگاتە لوتکە کە پێڕەوی لەم یاسایانە بکرێ.

## یاسا و رێساکانی رێبازی کلاسیسیزم

دوابەدوای هەوڵەکانی رۆنسار و دوبلییە، لێکۆڵەرانی ئەدەبی بڕیاریاندا بەرلەوەی لاسایی بەرهەمە هونەری و ئەدەبییەکانی رابوردوو بکەنەوە، لێکۆڵینەوە لەسەر بەرهەمەکانیان بکەن. ئەو یاسا و بنەمایانەی لە بەرهەمەکانیاندا پێڕەویان کردوون، شیبکەنەوە و راڤەیان بکەن و ئەو بەرهەمانەی کە دەیانخوڵقێنن لەسەر بنەمای ئەم یاسایانە داڕێژن. لێکۆڵەر و مامۆستای مەزنی ئەم رێبازە لە وڵاتی فەڕەنسا (بوالو) بوو کە یاسا و رێسا و بنەماکانی رێبازی کلاسیسیزمی بۆ فەڕەنسییەکان رێکخست.

بە تێڕوانینی کلاسیکەکان هونەری سەرەکی و ڕەسەنی شاعیر یان نووسەر بریتیی لە ڕەچاوکردن و پێڕەوکردنی وردی ئەم بنەما و یاسایانە بوو و تەنیا نووسەرێک دەتوانێ بەرهەمێکی جوان و ڕەسەن بەدیبێنێ کە بتوانێ بە باشترین شێواز پێڕەوی لە یاسا و بنەماکانی کلاسیسیزم بکات. بەم پێیە ئەو نووسەر و شاعیرانەی کە بە تەواوی پابەندی ئەم یاسایانە نەبن، ناکرێ بە نووسەرێکی کلاسیک دابنرێت. بە چەشنێک مێژوونووسانی هاوچەرخ کۆمەڵە شاعیر و نووسەرێکی وەکوو ڕۆنسار، مونتێنی و کۆڕنی بەبێ هیچ دوودڵییەک لە ریزی نووسەرانی کلاسیک دانانێن. بەزۆری ئەو نووسەرانەی کە سەر بە قۆناغی دووەمی کلاسیسیزمن بە کلاسیک دادەنرێن. بوالو، راسین، مولیێر، لافونتێن، بوسووێ، لابروویێر و مادام دوولافایت لە ریزی ئەم کلاسیکە رەسەنانەن.

کاتێک باس لە بنەما و یاسا وردەکانی رێبازی کلاسیسیزم دەکرێت، دەبێ سەرەنجی ئەوە بدرێت کە ئەدەبی کلاسیسیزمی نوێ لە سەدەی حەڤدەم، ئەدەبی میللی و ئەدەبی گشت توێژەکانی ناو کۆمەڵگە نییە. ئەم ئەدەبە ئەدەبیاتی کۆمەڵەیەکی سنووردارە کە لە کۆشک و تەلار و شار دەژین و خوێنەرەکانیان خەڵکی تایبەت و بژاردەن. نووسینی سیاسی و دژایەتی کردنی دین لە ئەدەبی کلاسیکیدا قەدەغەیە، هۆکاری ئەم بابەتە بۆ یاساکانی دەگەڕێتەوە. لە خوارەوە ئاماژە بە یاسا و بنەما سەرەکییەکانی ئەم رێبازە ئەدەبییە دەکرێت:

یەکەم: شاعیر و نووسەران دەبێ فێری یاسا بنەڕەتییەکانی ئەدەبی کۆنی یۆنان و رۆم بن.

دووەم: ئەدەب لە خزمەتی دەسەڵاتدا بێت.

سێیەم: زاڵنەبوونی هەستی تاکەکەسی لە بەرهەمی ئەدەبیدا. (ئەدیب گوزارشت لە بیروڕای خۆی نەکات، بەڵکو گوزارشت لە رای پەسند و باوی ناو کۆمەڵگەدا بکات.)

چوارەم: ئەدیب دەبێ خاکەڕا و سادە بێت، خۆی بە بچووکتر لە ئەدیبانی کۆنی سەردەمی یۆنان و رۆم بزانێ. ئەمەش سیاسەت و

پێویستیی دەوڵەت بوو بۆ ئەوەی خەڵکی ملکەجی دەسەڵات بن و ڕێز لە یاساکانی سەردەم بگرن.
پێنجەم: گرنگیدان بە رەوشت بەرزی، واتا رەوشتی کەسێتی لەبەرچاو بگیرێ و باسی ئازایەتی و وەفاداری و راستگۆیی بکرێت و بەرەنگاری کرداری ناشیرین و نابەجێ بکرێت.
شەشەم: هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی دەبێ بەپێی بنەما و یاسا و ڕێسا رێکبخرێ، نابێ نووسەر لە نووسیندا سەربەست بێ و یاساکانی بەرهەمهێنانی ئەدەبی پشتگوێ بخات. هەموو هەست و سۆزێکی تاکەکەسی لە چوارچێوەی رێبازی کلاسیسیزمدا سەرکۆنە دەکرێ و داوادەکەن بە پێوانەی عەقڵ هەڵسەنگاندن بۆ ئەدەب و بابەتی ئەدەب بکرێت.
حەوتەم: روون و ئاشکرایی لە دەربڕین و دوورکەوتنەوە لە تەمومژ و لێڵی لە دەقدا.
هەشتەم: گرنگیدان بە پاک و بێگەردی جۆرە ئەدەبییەکان. واتا درامایەکی تراژیدی دەبێ بەتەواوی تراژیک بێ و بۆ کۆمیدیاش هەر بەم چەشنە بێ. نابێ تێکەڵ بکرێن.
نۆیەم: گرنگیدان بە یەکێتی کات و شوێن. واتا کات لە ٣٦ کاتژمێر تێنەپەڕێ و شوێنیش لە چوارچێوەی شارێک دەرنەچێت و رووداوەکانیش دەبێ یەک بە دوای یەکدا بێن.
دەیەم: بنەمای عەقڵ. رێبازی کلاسیسیزم بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە بۆ هەڵسەنگاندنی بابەتەکان دەبێ بۆ عەقڵ بگەڕێینەوە. (مونتێنی) دەڵێت: بەردەوام بە ئاراستەی عەقڵدا هەنگاو بنێین، ئەگەرچی ژیان پێویستی بە سۆز و ورووژان و چێژ و ...هتد هەیە، بەڵام نابێ ببینە کۆیلەیان، ئێمە کۆیلەی عەقڵین.

## یاسای سێ یەکێتی

مەبەست لە یاسای سێ یەکێتی بریتییە لە یەکێتی بابەت، یەکێتی کات و یەکێتی شوێن کە بە بنەما سەرەکییەکانی رێبازی کلاسیسیزمی نوێ دادەنرێن و لە بەرهەمی ئەدیبانی کۆنی یۆنان و

رۆم و بەرهەمەکانی ئەرەستۆ وەرگیراون. نووسەرانی سەر بە رێبازی کلاسیسیزمی نوێ پێیانوابوو دەبێ لە هەموو بەرهەمێکی ئەدەبیدا پابەندی ئەم سێ یەکێتییە بن و ئەو بەرهەمەی ئەم سێ یەکێتییەی تێدا پێڕەو نەکرێت بە بەرهەمێکی کلاسیکی دانانرێت. لە خوارەوە هەر یەک لەم سێ بابەتە شیدەکرێنەوە:

## یەکێتی بابەت

یەکێتی بابەت بریتییە لەوە کە ڕووداوە لاوەکی و زیادەکان نەخرێنە پاڵ ڕووداوی سەرەکی و ڕووداوەکانی شانۆ لقوپۆپی زیادەی لێنەبێتەوە. ئەرەستۆ لە کتێبە بەناوبانگەکەی بەناوی (هونەری شیعر)دا باسی یەکێتی بابەتی کردووە. سەرەتا ئاماژە بەوە دەدات کە یەکێتی بابەت هەرگیز بە هەڵبژاردنی تاکە کەسێک بە پاڵەوانی سەرەکی بەدینایێت، چونکە لە ژیانی تاکەکەسێک ڕەنگە چەندین ڕووداوی جیاواز ڕووبدەن. ئینجا دەگاتە ئەو ئەنجامە کە ((لە ئەفسانەدا تەنیا یەک ڕووداو (بابەت)ی تەواو دەبێ باس بکرێ. سەرجەم بەشەکانی ئەم ڕووداوەش دەبێ وەها لە تەک یەکتریدا بچنرێن و یەکێتییەکی وەها درووست بکەن کە نەتوانرێ بچووکترین بەشی لێ لابدرێت، چونکە ئەگەر بشێ بەشێک بخرێتە سەر بابەتی دەقەکە یان لێی لابدرێت و هیچ کێشەیەک بۆ دەقە درووست نەکات ئەوە بە بەشێک لە دەق دانانرێت.)) ئەم بنەمایە لە چارەگی کۆتایی سەدەی حەڤدەم مشتومڕی زۆری لێکەوتەوە، بەڵام وردەوردە نووسەرانی کلاسیک جەختیان لەسەری کردەوە و شیکردنەوە و ڕاڤەی جۆربەجۆریان بۆ کرد و لەکۆتادا وەکو بنەمایەکی سەرەکی پەسندیان کرد کە دەبێ تەنیا ڕووداوێکی ژیانی پاڵەوان باس بکرێت، ڕووداوێک کە بەشە جیاوازەکانی بەتەواوی پەیوەندیان بەیەکەوە هەبێت.

## یەکێتی کات

یەکێتی کاتیش لەلایەن ئەرەستۆوە باس کراوە. ئەرەستۆ دەڵێت: ((تراژیدی دەبێ لە ماوەی شەو و ڕۆژێکدا پێشکەش بکرێت یان لەم سنوورە تێنەپەڕێت.)) شانۆی باش ئەوەیە کە ماوەی ڕوودانی

بابەتەکەی تاڕادەیەک ئەوەندەی هەمان ئەو کاتە بێ کە بۆ پێشکەشکردنی پێویستە، چونکە گونجاندنی رووداوی چەندین ساڵ یان چەندین سەدە لە چوارچێوەیەکی سێ تاکو چوار کاتژمێری ئاسایی نییە و لە راستی دوور دەکەوێتەوە و هاوسەنگ نەبوونی کاتی شانۆ لەگەڵ کاتی راستەقینەی رووداوەکان، تراژیدی لە دۆخ ئاساییەکەی دوور دەخاتەوە.

## یەکێتی شوێن

ئەرەستۆ هیچی سەبارەت بە یەکێتی شوێن نەگووتووە، بەڵکو ئەم پرسە لەلایەن (ماگی)یەوە کە رەخنەگرێکی ئیتاڵی بووە لە ساڵی ١٤٤٥ گەڵاڵە کراوە. ئەم رەخنەگرە یەکێتی شوێنی لە بنەمای یەکێتی کاتەوە وەرگرتووە و پێیوایە ئەگەر کاتی شانۆ کورت و سنووردار بێت، بەڵام ئەو شوێنانەی رووداوەکانی تێدا روودەدەن جیاواز و لەیەکتری دوور بن، تراژیدی لە دۆخە ئاساییەکەی دوور دەکەوێتەوە. بەم پێیە دەبێ رووداوەکان لە شوێنێکی دیاریکراودا رووبدەن. تراژیدی کاتێک کارتێکەر دەبێ کە لەسەر ئەم بنەمایانە رێکخرابێ و ئەگەر رووداوەکان بەسەر کاتی جیاواز و شوێنی جۆربەجۆر دابەش بکرێن، کارێکی ژیرانە نابێت.

لە سەرەتادا یەکێتی کات زۆر بە بنەمایەکی بنچینەیی دانەدەنرا و پێیانوابوو ئەو یەکێتییە شوێنەی کە بۆ شانۆ دەسنیشانکراوە، رەنگە دورگەیەک، شارێک یان ویلایەتێک بێ و یان وەک (کۆرنی) گوتوویەتی: ((ئەو شوێنانە بێ کە بکرێ لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا هاتووچوونیان بۆ بکرێت.)) بەڵام لە ساڵی ١٦٣٥ (شاپلێن) یەکێتی شوێنی بە بنەمایەکی سەرەکی زانی و رایگەیاند بە درێژایی پێشکەشکردنی شانۆ نابێ دیکۆری شانۆیەکە بگۆڕدرێ. دواجار هەر سێ یەکێتییەکە لە جیهانی فیکر و ئەدەب لە ساڵی ١٦٦٠ هەمەلاپەسند و یەکانگیر بوو.

## • رابەرانی درامای کلاسیسیزم

### پیێر کۆرنی

پیێر کۆرنی ١٦٠٦-١٦٨٤ یەکێک لە نوێنەرە هەرە دیارەکانی درامای کلاسیسیزمە. یەکەمین بەرهەمی درامی کۆرنی کۆمیدیای (مەلیت)ە کە لە ساڵی ١٦٢٩دا لە پاریس پێشکەش کراوە، بە هۆی ئەم شانۆیەوە، کۆمیدیا لە فەڕەنسا بەرەو قۆناغێکی نوێ هەنگاوی هەڵبڕی. داهێنانی مەزنی کۆرنی لە شانۆنامەنووسیندا بۆ شانۆنامەی (سید) دەگەڕێتەوە. نووسەر لەم شانۆنامەیەدا پێشەکییەکی دوورودرێژی نووسیوە و تێیدا رایگەیاندوە کە دەکرێ بە پشت بەستن بە تێڕوانینی نوێ، یاساکانی داهێنانی شیعری فراوانتر بکرێت، هەروەها نووسەر مافی خۆیەتی لە نووسیندا شێوازی تایبەت بە خۆی هەبێ و جیاوازی تێڕوانین لە شانۆدا دەبێ رەنگبداتەوە. جگە لەو دوو کۆمیدیایەی سەرەوە هەندێ لە دراماکانی تری کۆرنی بریتیین لە:

١- شانۆنامەی بێوەژن، ساڵی ١٦٣٢
٢- شانۆنامەی گالێری، ساڵی ١٦٣٢
٣- شانۆنامەی خزمەتکار، ساڵی ١٦٣٣
٤- شانۆنامەی گۆڕەپانی پاشا، ساڵی ١٦٣٦
٥- شانۆنامەی هۆراس، ساڵی ١٦٤٠
٦- شانۆنامەی پیتریس پاشای لمبادی، ساڵی ١٦٥١

### • راسین

راسین ١٦٣٩-١٦٩٩ هەر لە منداڵییەوە شەیدای هونەر و ئەدەبی یۆنانی کۆن بووە. لە هەڕەتی لاوێتییدا چەندین شیعری ناسکی نووسی و هاورێتی لەگەڵ (لافۆنتێن)ی نووسەری مەزنی فەڕەنسی هەبووە. شاکار و بەرهەمە مەزنەکەی راسین بەناوی (ئەندرۆماک) بوو. تایبەتمەندیی دراماکانی راسین لەوەدا خۆی دەنوێنێ کە بەردەوام گرنگی بە هەست و سۆز داوە، بۆیە پاڵەوانی دراماکانی لە

خەڵکەوە نزیکن و رەخنەگرانیش پەنجەیان بۆ ئەم بابەتە درێژ کردووە. راسین کۆمەڵێک شانۆنامەی تریشی نووسیوە کە بریتین لە:
١- برینتانیکس ١٦٦٩
٢- پرینیس ١٦٧٠
٣- بایەزید ١٦٧٢
٤- ڤیدا ١٦٧٧

لە درامادا کۆرنی و راسین خاوەن تایبەتمەندی خۆیان بوون و لە زۆر روانگەوە لە یەکتری جیاواز بوون. گرنگترین جیاوازی ئەم دوو دراما نووسە کلاسیکە بریتییە لە:

کۆرنی:
١- پەیوەندییەکی توند و تۆڵی بە چینی یاخیبووی ئۆرستۆکراتی هەبوو، بۆیە گرنگی بە چارەسەری جۆری تراژیدیای مێژووی پاڵەوانییەتی دەدا.
٢- پارێزگاریی کردن لە کەلەپووری کۆن.
٣- نووسینی ئەدەبی لە خزمەت بەرژەوەندی سیاسەتی سەردەم و دەوڵەتدا بێت.
٤- جەختکردنەوە لەسەر پێکهاتەی زمان (بەکاربردنی زمانێکی بەهێز، تۆکمە و یاریکردن بە وشە).
٥- عەقڵ بکرێتە پێوەر لە دژی هەمو هەست و نەستێکی دەروونی.

- **راسین:**

١- گرنگی بەو جۆرە تراژیدیانە دەدا کە پەیوەست بوون بە خۆشەویستی و هەست و سۆز و ویژدان و نەست، بەڵام بە بەخشینی نرخ و بەهایەکی فیکیریی و سیاسی شکۆدارەوە بەم بابەتە کە بەلای چینە پێشکەوتن خوازەکانی کۆمەڵی فەرەنسی سەدەی حەڤدەم ناسراو بوو.
٢- راسین پێیوایە دڵدری لە هەموو هەست و سۆزێک بەهێزتر و کاریگەرترە، بۆیە لە شانۆنامەکانیدا قورساییەکی زۆری بە بابەتی دڵداری داوە.

٣- ملکەجبوونی مرۆڤ بۆ شەهوەت و خواستە دەروونییەکانی بە کارێکی نەشیاو دەزانێ و پێیوایە مرۆڤ ئەو توانا و هێزەی نییە تاکو بەرگەی ئەو شەهوەتانە بگرێ.

کۆرنی و راسین هەر دووکیان لە بواری تراژیدیای کلاسیسیزمدا داهێنانی مەزنیان هەبووە، (کۆرنی) بە نوێنەری قۆناغی یەکەمی کلاسیسیزم و (راسین)یش بە نوێنەری قۆناغی دووەمی کلاسیسیزم دادەنرێن.

- **کلاسیسیزم یان (ئەدەبی کۆن)ی کوردی**

بەرهەمی شاعیر و نووسەرانی کۆنی کورد لە بابا تاهیرەوە تا بیستەکانی سەدەی بیستەم بە ئەدەبی کۆن ناسراوە. لە راستیدا هەندێ رەخنەگر لە بری (کۆن) بۆ ئەدەبی کۆنی کوردی زاراوە (کلاسیک) یان (کلاسیزم)یان بەکارهێناوە. ئەم بەکارهێنانەش بە پلەی یەکەم بۆ کاریگەری رەخنەی ئەورووپی و بە پلەی دووەمیش بۆ رەخنەی عەرەبی دەگەڕێتەوە. مەبەستی سەرەکی رەخنەگرانی ئەورووپی لە بەکارهێنانی زاراوەی کلاسیسیزم لە ئەدەبدا بۆ ئەو قۆناغە دەگەڕێتەوە کە تێیدا شاعیر و نووسەرانی ئەورووپی لە سەدەی حەڤدەمەوە لاسایی ئەدەبی کۆنی یۆنان و رۆمایان دەکردەوە، بەڵام خۆ شاعیرانی کۆنی کورد لاسایی یۆنان و رۆمیان نەکردۆتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەدەبی کۆنی کوردی و ئەدەبی کلاسیزمی ئەورووپی خاوەن خاسییەت و تایبەتمەندی خۆیانن، بەڵام لە هەندێ خاڵیشدا هاوبەشن. لێکچوونی کلاسیزمی ئەورووپی و ئەدەبی کۆنی کوردی:

١- لە هەر دوو لاساییکردنەوە هەیە.
٢- هەر دوویان پابەندی کۆمەڵێ یاسان کە لێیان لانادەن.
٣- بابەتی ئایینی لای هەر دوویان بابەتی سەرەکی شیعرە.
٤- هەر دوویان گرنگیان بە روخساری شیعر و جوانکاریی ئەدەبی داوە.

**جیاوازی کلاسیزمی ئەورووپی و ئەدەبی کۆنی کوردی:**

١- ئەدەبی کلاسیزمی ئەورووپی بە زۆری بابەتییە و لە ڕێگەی دراماوە پێشکەش کراوە، ئەدەبی کۆنی کوردی بە زۆری خودیە و لە ڕێگەی شیعری لیریکی و داستان خۆی وێناکردووە.

٢- کلاسیسیزمی کۆنی یۆنانی و ڕۆمانی لەسەر بنەمای فەلسەفەی یۆنان بووە و کلاسیسیزمی نوێ لەسەر بنەمای فەلسەفەی مەسیحییەت بووە، بەڵام ئەدەبی کۆنی کوردی لەسەر بنەمای ئایینی ئیسلام و هزری سۆفیگەری دامەزراوە.

٣- کلاسیزمی کۆن و نوێی ئەورووپی گرنگی بە خەیاڵ نەدەدا، بەڵام ئەدەبی کۆنی کوردی خەیاڵی فەرامۆش نەکردووە.

٤- کلاسیسیزمی کۆن و نوێی ئەورووپی پلەی تەواویان بە ژن نەدەدا، بەڵام شاعیرانی کورد لەبەر دەستی ئافرەت بوونەتە خاک و خۆڵ.

٥- لە رووی هونەری شیعرییەوە، شیعری کلاسیسیزمی ئەورووپی پێڕەوی لە یاسا و ڕێساکانی ئەدەبی یۆنان و ڕۆم کردووە و ملکەجی تێڕوانینەکانی ئەفلاتون و ئەرەستۆ و هۆراس بوونە. بە پێچەوانەوە شاعیرانی کۆنی کورد کە ئەدەبی کۆنی کوردیان بەرهەم هێناوە سەرچاوەی شیعریی بەلایانەوە فێربوون و شارەزابوون لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی و زمانی میللەتانی دراوسێ وەکو فارسی، تورکی، عەرەبی بووە.

لێرەوە دەردەکەوێ ئەگەرچی خاڵی لێکچوون لە نێوان کلاسیسیزمی ئەورووپی و ئەدەبی کۆنی کوردی هەیە، بەڵام جیاوازیشیان زۆرە.

نەبوونی کیان و دەوڵەتی سەربەخۆ وای لە کورد کردووە کە زمانێکی یەکگرتووی ئەدەبی لا درووست نەبێ، بۆیە هەمو بزوتنەوە ئەدەبییەکان لە ژێر سایەی میرنشینەکان پەیدا دەبن و گەشە دەکەن. دیارە ئەدەبیاتی هەر میرنشینێکیش بەو زار و شێوەزارە نووسراوە کە

له سنووری میرنشینەکەدا باو بووە. یەکێ لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی ئەدەبی کۆنی کوردی ئەوە بووە کە هەرچەندە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی میرەکاندا بووە، بەڵام ئەدەبی دەربار نەبووە و شاعیرانی کورد شیعریان بە دراو و پلەوپایە نەگۆڕیوەتەوە.

ئەدەبی کۆنی کوردی بەسەر چوار قۆناغدا دابەشکراوە:

١- ئەدەبیاتی زاری لوڕی
٢- ئەدەبیاتی زاری گۆران
٣- ئەدەبیاتی کرمانجی سەروو
٤- ئەدەبیاتی کرمانجی ناوەڕاست

- ئەدەبی کۆنی کوردی
- ئەدەبیاتی زاری لوڕی

ئەوەی تاکو ئێستا بەژێر ناونیشانی ئەدەبیاتی زاری لوڕی بە دەستمان گەیشتوون، تەنیا بە شێوەی شیعرن. ئەو شاعیرە لوڕانەی لە سەدەی پێنجەمی کۆچییەوە شیعریان هەبووە و ئێستا لە بەردەست دان (بابەتاهیری هەمەدانی، پووری فەرەیدوون و قازی مەنگوریی)ن. بەپێی لێکۆڵینەوەی مێژوونووسانی ئەدەب، ئەدەبی کۆنی کوردی لە بابە تاهیری هەمەدانییەوە دەسپێدەکات. بابە تاهیر لە ٣٢٦ی کۆچی تاکو ٤٠١ی کۆچی ژیاوە و بە یەکەمین شاعیری کورد دادەنرێ. بەرهەمەکانی ئەم شاعیرە مەزنەی گەلی کورد بریتیین لە:

یەکەم: دیوانە شیعرییەکەی کە زیاتر لە ٣٠٠ دووبەیتی و سێ غەزەڵ و یەک قەسیدەیە.

دووەم: کتێبی (کلمات قصار) بە زمانی عەرەبییە و لە (٥١) بەش و (١٢١) گوتە پێکهاتووە.

دوو بەیتییەکانی بابە تاهیر لەسەر کێشی بەحری هەزەجی شەشی حەزفکراوە کە بریتییە لە (مفاعیلن، مفاعیلن فعولن). دوو بەیتییەکانی بابەتاهیر بە درێژایی مێژوو گۆرانیان بەسەردا هاتووە و

لەبەرگران و ئەدیبانی فارس هەوڵیانداوە لەجیاتی وشە رەسەنە کوردییەکان، وشەی فارسی دابنێن و بەمجۆرە لە زمانی فارسی ئێستا نزیکیان کردۆتەوە. دوو بەیتییەکانی ئەم شاعیرە بە (فەهلەویات) ناسراون. زمانی کوردی بەپێی دابەشبوونی مێژوویی بەسەر سێ قۆناغی (کۆن، ناوەڕاست و نوێ) دابەش کراوە. قۆناغی کۆن لە سەردەمی سۆمەرییەوە تاکو کۆتایی رۆژگاری مادەکان دەگرێتەوە کە دیارترین شێوەی بە (ئاڤێستایی) ناسراوە. قۆناغی ناوەڕاست لە کۆتایی سەردەمی مادەکان تاکو کۆتایی سەردەمی ساسانییەکان دەگرێتەوە و زمانی کوردی ئەم قۆناغە بە پەهلەوی ناسراوە. قۆناغی نوێی زمانی کوردی لە دوای هاتنی ئیسلام تاکو ئەمڕۆ دەگرێتەوە کە سەرجەم زار و شێوەزارەکانی ئێستای زمانی کوردی دەگرێتەوە. فەهلەوی لە زمانی عەرەبیدا شێوەی گۆکراوی پەهلەوییە. بەواتایەکی تر ئەو بەرهەمانەی کە بە زمانی پەهلەوی لە دوای هاتنی ئیسلام نووسراون بە فەهلەویات ناسراون.

بابە تاهیر برای بابە یوسفە و بابەیوسفیش باوکی بابەعەلییە. بابەعەلی باوکی شێخ عیسا و شێخ موسای بەرزنجییە و سەیدەکانی بەرزنجەش لە نەوەی شێخ عیسان و بە رەگەز کوردن و لەسەر مەزهەبی سونەن.

روخساری شیعرەکانی

١- شیعرەکانی بەزۆری دووبەیتین و غەزەڵ و قەسیدەشی هەیە.

٢- زمانی شیعرەکانی سادە و خۆجێییە.

٣- کێشی شیعرەکانی بەپێی عەروزی عەرەبییە بە زۆری کێشی (مفاعیلن، مفاعیلن، فعولن)ی بەکار بردووە، بەڵام لە چاپی ئەرمەغاندا کێشی هەندێ دووبەیتی لەسەر بەحری (فاعلاتن، مفاعیلن، فعولن)ن.

٤- لە دیوانی بابەتاهیری چاپی وەحیدی دەستگردی (٢٢٦) دوو بەیتی دوا سەروایان هەیە.

ناوڕۆكی شیعرەكانی

**١- دڵداری**

شیعرە دڵدارییەكانی بابەتاهیر بە دوو شێوەن،

**یەكەم:** دڵداری هەستی كە مەبەست لێی دڵداری ئافرەتە. نمونە:

بەسەر غەیرەز توو، سەودایی نەدارۆم   بەدڵ جۆز توو، تەمەننایێ نەدارۆم
خودا زوونە كە دەر بازاری عیشقت   بە جوز جان هیچ كاڵایێ نەدارۆم

**دووەم:** دڵداری نەستی كە مەبەست لێی عیشقی خودایە. نمونە:

دڵێ دیرۆم خەریداری مەحەببەت   كە زو گەرمەست بازاری مەحەببەت
لیباسێ بافتەم بەر قامەتی دڵ   ز پۆدی میحنەت و تاری مەحەببەت

**٢- شیعری ئایینی: نمونە:**

خوداوەندا بە فریایی دڵم ڕەس كەسی   بێكەس تەیی، من ماندە بێكەس
هەمە گۆیەند تاهیر كەس نەدارە   خودا یاری منە چ حاجەتی كەس

**٣- وەسفی سروشت: نمونە:**

بەهار ئایۆ بەهەر شاخێ گوڵێ بی   بەهار باغێ هەزاران بولبوولێ بی
بەهەر مەرزێ نەیارەم پا نیهادەن   مەباد هەژ مە بەتەر سووتە دڵێ بی

هەروەها لە شیعرەكانیدا كۆمەڵێک مەبەستی تریش بەرچاو دەكەون كە بەگشتی بریتین لە: شانازییكردن بەخۆی، سەرگەردانی، فەلسەفەی ژیان و مردن و خەم.

- **ئەدەبیاتی زاری گۆران:**

ناوی گۆران كۆمەڵە واتایەک دەگەینێ لەوانە (كوێستانچی، گوردان واتا ئازا، ئاگر، گەبری و گاوران كە دواتر بۆتە گۆران) كە لە كوردستاندا كۆمەڵە تیرە و هۆزێک بەم ناوە ناسراون. لە تیرە و هۆزە هەرە دیارەكانی گۆران دەتوانین ئاماژە بە زەنگەنە، باجەڵانی، قەڵخانی، جاف، زازا، كاكەیی، ئەردەلانی، هەورامی بدەین. شێوەزاری ئەو كۆمەڵە تیرە و هۆزانەی سەرەوە بەسەر یەكەوە زاری

گۆران پێکدێنن کە بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەم زارە قۆناغی دووەمی ئەدەبی کۆنی کوردی پێکدێنن.
جگە لە هەندێ پەخشانی یارسانەکان، ئەدەبیاتی زاری گۆرانی بە گشتی شیعر بووە. بەرهەمی ئەدەبی ئەم زارە بە سەر سێ جۆردا دابەش بووە:

١- داستان بە هەر دوو شێوەی قارەمانێتی و دڵداری.
٢- شیعری ئایینی.
٣- شیعری لیریکی یان گۆرانی.

شاعیرە ناودارەکانی ئەدەبیاتی زاری گۆرانی بریتین لە: مەلای پەرێشان، خانای قوبادی، مەولەوی، مەستوورەی کوردستانی و ...هتد. لە خوارەوە نمونەیەکی شیعری مەولەوی دەخوێنینەوە.

ئاماوە وەهار، وەهاری شادی بۆی عەتر نەسیم غونچەی ئازادی
خێڵخانەی خەفەتبارەنیش کەردەن مەینەت روونیان وەماوای مەردەن
خەم وێنەی کەمان قامەت خەمبیەن هەوارگەی قەدیم نەدەسش شیەن
بەزم شەوق و عەیش ئەدەروون جەمەن ئانە هیچ نەبۆ نە دەروون، خەمەن

- **ئەدەبیاتی کرمانجی سەروو**

ئەدەبیاتی کرمانجی سەروو لە عەلی حەریری و مەلای جەزیری و فەقێ تەیرانەوە دەست پێدەکات. پێش ئەمانە هیچ بەرهەمێکی ئەدەبی نووسراوی سەر بەم زارە نەدۆزراوەتەوە. (ئەولیا چەلەبی) لە کتێبی (کورد لە مێژووی دراوسێکانیدا) ناوی شاعیرێکی هێناوە بە ناوی (گەنجی چەلەبی) و دەڵێت: دیوانەکەی هێندەی خەمسەی نیزامی گەورە بووە، بەڵام بەرهەمەکەی بە دەستمان نەگەیشتووە. ئەوەی راستی بێ عەلی حەریری بە کۆنترین شاعیری ئەم قۆناغەی ئەدبی کۆنی کوردی دادەنرێت، بەڵام مەلای جەزیری و ئەحمەدی خانی ناسراوترین شاعیری ئەم قۆناغەن.
رای جیاواز هەیە سەبارەت بە ساڵی لەدایکبوون و مردنی مەلای جەزیری، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە لە ساڵانی نێوان (١٥٤٣-١٦٤٠) ژیاوە. ئەم شاعیرە مەزنەی ئەدەبی کۆنی کوردی بە شیعری

کۆنی فارسی کاریگەر بووە بەتایبەتی بە شیعرەکانی حافزی شیرازی. لە خوارەوە نمونەیەکی شیعری ئەم شاعیرە دەخوێنینەوە.

روخساری شیعرەکانی مەلای جزیری

١- زمانی شیعرەکانی کوردییەکی ئیسلامییە.
٢- بە زمانی کوردی، فارسی و عەرەبی شیعری نووسیووە.
٣- شیعرەکانی عەرووزین و بەزۆری لەسەر ئەم بەحرانەن: هەزەج، رەجەز، رەمەل، موزاریع و سەریع...
٤- سەرواکانی ستوونین.
٥- غەزەل، قەسیدە، ترجیع بەند، موستەزاد، مولەمەع و چوارینی نووسیووە.
٦- گرنگی بە رەوانبێژی داوە و زمانی شیعرەکانی چڕە.
٧- گرنگی بە مۆسیقای ناوەوە و دەرەوە داوە.
٨- گرنگی بە دوا سەروا داوە.

ناوەڕۆکی شیعرەکانی مەلای جزیری

جزیری ئەسپی خەیاڵی خۆی لەسەرجەم کایەکانی ژیانی سەردەمدا تاوداوە. بەزۆری ناوەڕۆکی شیعرەکانی بریتیین لە: دڵداریی ئافرەت، دڵداریی خوایی، ئایینی، ستایش، نیشتمانی، داشۆرین.

نمونەی شیعرەکان:

دڵداری ئافرەت

شۆخ و شەنگی زوهرە رەنگی		دل ژمن بر دل ژمن
ئاوڕێن هەیبەت پلنگێ		دل ژمن بر دل ژ من
وێ شەپالێ مسک خالێ		دێم دوڕێ گەردەن شەمالێ
جەبهەتا بسکان سەما لێ		دل ژ من بر دل ژمن

نەوایا موتریب و چەنگێ فەغان ئاڤێتە خەرچەنگێ
وەرە ساقی حەتا کەنگێ نەشۆیین دل ژ ڤێ ژەنگێ
حەیاتا دل مەیا باقی بنووشین دا ب موشتاقی
(ألا یا ایها الساقی أدر كأسا و ناولها)
کو کاتب دێمی جەدوەل کت شکەستە خەت موسەلسەل کت
ژ یەک حەرفان موفەسسەل کت کییە ڤێ موشکلێ حەل کت
دزانی روودێ عوود ئەوەل چ داڤێتن سروود ئەووەل
(كه عشق آسان نمود اول ولی افتاد مشكلها)
ژ مهرا وێ شەفەق سەعدێ شرین لەعلێ شەکەر وەعدێ
دنالم شوبهەتی ڕەعدێ عەجەب لێ ژ ڤێ جەعدێ
(كه دل را تاب هر چینش بكفری میبرد دینش
(زتاب جعد مشكینش چه خون افتاد در دلها)

- **ئەدەبیاتی کرمانجیی ناوەڕاست**

نالی و هاوڕێکانی بەردی بناغەی شێعری کۆنی کوردی بە کرمانجیی ناوەڕاستیان داناوە. بەرلە دروستبوونی شاری سلێمانی ئەدەبی ئەم دەڤەرە بە زاری هەورامی دەنووسرا، بەڵام دوای دروستبوونی شاری سلێمانی شێوەزاری باوی ناو شاری سلێمانی و دەوروبەری جێگەی بە زاری هەورامی لق کرد.

دەرکەوتنی نالی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەم لە گۆڕەپانی ئەدەبی کوردیدا شێوەیەکی نوێی لە نووسینی شیعر و ئەدەب لە مێژووی ئەدەبی کۆنی کوردی هێنائاراوە کە رەخنەگران بە قوتابخانەی بابان ناویان هێناوە، چونکە نالی یەکەم کەسە بە زاری کرمانجی ناوەڕاست شیعریی نووسیووە و دواتر چەند شاعیرێکی تری وەکو سالم و کوردی و مەحوی و وەفایی و ...هتد لەسەر ئەم رێچکەیە رۆیشتن و شێوازێکی گشتیان دامەزراند و ئەم شێوازە نوێیە بە قوتابخانەی بابان ناسراوە و نالی بە رابەری ئەم قوتابخانەیە دەسنیشان کراوە.

## نالــــــــی

کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆ کوردییە، خۆکردییە
هەر کەسێ نادان نەبێ خۆی تاڵیبی مەعنا دەکا

روخساری شیعرەکانی نالی

١- زمانەکەی بەهێزە و وشەی عەرەبی و فارسی لە شیعرەکانیدا زۆر بە فراوانی بەکاربردووە.
٢- بە کوردی، عەرەبی و فارسی شیعری نووسیووە.
٣- غەزەل، قەسیدەی نووسیووە.
٤- شیعریی عەرووزی لەسەر بەحری رەمەل، هەزەج، رەجەز، موزاریع و...هتد نووسیووە.
٥- سەروای شیعرەکانی ستوونین و دواسەرواشی بەکارهێناوە.

ناوەڕۆکی شیعرەکانی نالی

دلداری، وەسف، ئایینی، نیشتمانی

نمونەی شیعرەکانی

ئەستێرە هەموو مەحوە لە نێو نووری قەمەردا
یا شەمسی جەمالت شەوی گێڕاوە بە فەردا؟(١)
خاکی بەری پێت هەم گڵ و، هەم گوڵ بە سوروشکم
وەقتی غەم و شادی ئەوە کردوومە بە سەردا(٢)
تەلبیسی نییە ئەو کەسە دێوانەیی رووتە
بێچارە نەما غەیری حەیاتێکی لەبەردا(٣)
ژەنگی نییە روخسارەیی رەنگین و لەتیفی
رۆشن بووە ئەم نوکتە سەباتی لە بەسەردا(٤)
هەر چەندە کە ئینسانە لە بەرچاوی من و تۆ،
مومکین نییە ئەم لوتفە لە ئینسان و بەشەردا(٥)
ئیسباتی خەت و خاڵە، بە سەد شوشتن و گریان

ناچێتەوە ئەم نوقتە لەنێو دیدەیی تەڕدا(٦)
شەوقی کە نەبێ باسیرە، مەئیووسە لە دیتن
هەر شەوقی ئەوە قووەتی دینی بە نەزەردا(٧)
ئالوودە نەبێ دا، بە زەبوون گیریی خوێنم
بۆ کوشتنی من دامەنی پاکی لە کەمەردا(٨)
((نالی)) خەبەری بێ ئەسەری غائیبە، ئەمما
ناڵێکی حەزین دێ لە موناجاتی سەحەردا(٩)

حەنایی کردووە پەنجەی بە خوێناوی دڵی زارم
ئەمە رەنگە شەهادەت بێ کە کوشتەی دەستی دڵدارم(١)
گوتم: ئایا بە زاری خۆت دەپرسی حاڵی زاری من؟
برۆی هێنایە یەک، وەک شکڵی (لا) یەعنی کە بێ زارم(٢)
عەجەب ئەستێرە شەو هەڵدێ لە تاوی خوسرەوی خاوەر
بە رووی تۆم دیدە هەڵنایێ شەو و رۆژ، ئەرچی بێدارم(٣)
طەبیبی من دەبێ دەخڵی هەبێ، صاحیب ئیشارەت بێ
مەگەر چاوت بزانێ من لەبەرچی مەست و بیمارم!(٤)
بە سەروم وت کە راستە سەرکەش و بەرزی، کەچی لەرزی:
کە فەرقیشم بگاتە ئاسمان بەندەی قەدی یارم!(٥)
لە شیرینی ئەتۆ، ئەی خوسرەوی تەختی زەمین، رەنگە
بگاتە ئاسمانی بێستوون فەرهادی هاوارم(٦)
برۆت باڵی هوما سایەی سوڵطانی حوسنت بوو
خەطت هات و وتی: من ناسیخی طوغرایی خونکارم(٧)
سەراپا هەروەکوو حەڵقەی زرێ پەروێزەیی خوێنم
بە یەک یەک تیری موژگانی زرێ دۆزت بریندارم(٨)
حەمایێڵ کە، دەمی تێغت لە حەڵقەی گەردنی (نالیی)
مەگەر تێراو ببم بەو رەنگە، تینووی ساعیدی یارم(٩)

- **جۆرە ئەدەبییەکان/ژانرە ئەدەبیەکان**

لە رێبازی کلاسیسیزمدا جۆرەکانی ئەدەبیش وەکو توێژ و چینەکانی ناو کۆمەڵگە پلەبەند کراون. دیسان ئەوە بۆچوونی ئەرەستۆیە کە لە سەردەمی کلاسیکدا لەم بوارەدا زاڵە، ئەرەستۆ جۆرە ئەدەبییەکانی بەسەر داستان، لیریک و درامادا دابەشکردووە. بێگومان دراما لە سەردەمی کلاسیکدا جۆری زاڵە، ئەگەرچی داستان و شیعری لیریکیش گرنگی زۆری پێدراوە. لە خوارەوە تاوتوێی جۆرە ئەدەبییەکانی رێبازی کلاسیسیزم دەکرێ:

**داستان و رۆمان**

سەرکەوتنی بێ وێنەی (ئیلیاد و ئۆدیسە)ی هۆمێر و (ئەنەئید)ی ڤیرژییل بووە هۆی ئەوەی داستان لەناو جۆرە ئەدەبییەکان پلەی یەکەم وەربگرێ و هەرکام لە شاعیرانی کلاسیک هەوڵیانداوە بەرهەمێکی داستانی لەسەر بنەما و شێوازی ئەم بەرهەمە کۆنانە بەدی بێنن. تایبەتمەندییەکانی ئەم جۆرە ئەدەبییە بریتین لە: شکۆ و شۆڕەسواریی و بەهێزی بابەت و مەزنی پاڵەوانەکانی. دەکرێ بابەتی ئەوینداریش بەو مەرجەی کە شکۆدار و شاهانە بێت، بئاخنرێتە ناو رووداوە سەرەکییەکان. پاڵەوانی داستان لە هەمو روێکەوە دەبێ کامر و پێگەیشتوو بێ، بەچەشنێک کە هەڵەکانیشیان دەبێ بۆنی پاڵەوانێتی لێوەبێ.

کاتێک داستان لە جیاتی ئەوەی بە شیعر داڕێژرێت، بە شێوەی پەخشان بنووسرێ، جۆرێکی تری ئەدەبی لەدایکدەبێ کە رۆمانی پێدەگووترێت. لە نووسینی رۆمانیشدا هەمان بنەما و یاساکانی داستان پێڕەو دەکرێن، بەڵام بەو جیاوازییە کە بنیاتی بابەتیی لە داستاندا شەڕ و شۆڕەسوارییە و لە رۆماندا چەقی رووداوەکان بە دەوری بابەتی دڵدارییدا دەخولێتەوە. لە رۆماندا گرنگییەکی زۆر بە

هەقیقەت و راستیی دەدرێت. هەروەها رۆمان دەبێ ئەنجامێکی رەوشتی بەسوودیش لەخۆ بگرێ.
نابێ ئەوە لەیاد بکەین کە نووسەرانی سەر بە رێبازی کلاسیسیزم زۆر بیریان لە نووسینی رۆمان نەکردۆتەوە، لە ناو ئەم نووسەرانە تاکە کەس کە رۆمانی نووسیبێ و توانیبێتی سەرکەوتن بۆ خۆی تۆمار بکات، مادام دۆلافایت بووە کە شاکارەکەی خۆی بە ناوی شاکچی کلۆس بەپێی بنەما و یاساکانی کلاسیسیزم نووسیووە.

## دراما

هەر وەک ئاماژەی پێدرا دراما جۆری زاڵی ئەدەبی لە سەردەمی کلاسیکە. کلاسیسیزمەکان لە درامادا ئەدیبیان ناچار کردبوو پابەندی کۆمەڵێ رێسای گشتی بن کە لە قەوارەی تەختەی شانۆدا بگونجێ، چونکە شانۆگەری ناتوانێت جووڵەی زۆر لەخۆ بگرێت و ناکرێ هەموو رووداوێک لەسەر تەختەی شانۆ پێشکەش بکرێت. لە کۆنەوە شانۆ لەسەر دەستی ئەدیبانی کۆنی یۆنان بەسەر دوو بەشدا دابەشکراوە:
یەکەم: تراژیدیا، لە رێگەی (ئەسیخیلۆس، سۆفۆکلیس و یۆریپیدس).
دووەم: کۆمێدی، لە رێگەی (ئاریستۆڤانیس).

## تراژیدیا

مێژووی تراژیدیا بۆ سەدەی پێنجەم و چوارەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە و هەر لەم سەردەمەدا گەشە دەکات. بنچینەی تراژیدیا بۆ دابونەریتی ئایینی یۆنانییە کۆنەکان دەگەڕێتەوە. زاراوەی تراژیدی لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم (ترێگووس) بە مانای بزن و بەشی دووەم (ئوویدیا) بە مانای سروود دێت و بەسەریەکەوە مانای (سروودی بزن) دەدات. بابەتی سەرەکی لە تراژیدیادا بریتییە لە ململانێی نێوان خواوندەکان یان پاشا و شازادەکان کە مەبەستی بنچینەییەکەی پیشاندانی بێتوانایی ئادەمیزاد لە بەرامبەر چارەنووس

و خواستی خواوەندەکانە. تراژیدیا بە مردنی پاڵەوانی سەرەکی یان ئەنجامێکی ناخۆش کۆتایی دێت.

لە ٥٤٤ی پ.ز دەوڵەتی ئەسینا لە ساڵیادی جەشنی (شەراب)دا میهرەجانێکی بۆ بەرز و پیرۆز راگرتنی خواوەندی شەراب کە ناوی (دیۆسینووس) بوو، رێکدەخست. لەم میهرەجانەدا کۆمەڵە درامایەک کە لەلایەن ئەدیبەکانی ئەسینا نووسرابوون پێشکەش دەکران. ئەو درامایانەی لە ماوەی سێ رۆژی کۆتایی جەژنی خواوەندی شەراب پێشکەش دەکران، پێشتر لەلایەن ئەنجوومەنی دادوەری هەڵدەبژێردران.

لە مێژووی ئەدەبی یۆنانیدا سێ شاعیری دیار دەورێکی کاریگەریان لە بەرەوپێش بردنی تراژیدیادا بینیوە، ئەوانیش بریتین لە (ئەسیخیلۆس، سۆفۆکلیس و یۆریپیدس). تەنانەت هەندێ کەس پێیانوایە سەرەتای شانۆگەری لە یۆنان لە ٤٩٠ی پ.ز لەسەر دەستی (ئەسیخیلۆس) دەستی پێکردوە کە شانۆگەری (نزاکاران)ی پێشکەشی خەڵکی ئەسینا کردوە. ئەسیخیلۆس نزیکەی حەفتا تراژیدیای نووسیوە کە تەنیا حەوت تراژیدیای ماوەتەوە. تا ئەم سەردەمە تەنیا یەک ئەکتەر ئەرکی پێشکەشکردنی شانۆی لە ئەستۆ بوو، بەڵام ئەسیخیلۆس ژمارەی ئەکتەرەکانی بۆ دوو کەس زیادکرد. پاشان شانۆ و بە شێوەیەکی بنەڕەتی تراژیدیا لەسەر دەستی (سۆفۆکلیس) ٤٩٦- ٤٠٦ی پ.ز گەشەی کرد و ژمارەی ئەکتەرەکانی بۆ سێ ئەکتەر دەسنیشانکرد. دوای ئەویش (یۆریپیدس) ٤٨٠- ٤٠٦ی پ.ز زیاتر گرنگی بە واقیع دا. نووسەرانی پێش ئەو باوەڕی تەواویان بە ئەفسانە و خواوەندە جۆراوجۆرەکانی یۆنان هەبوو، بەڵام یۆریپیدس شۆڕشێکی بەسەر خواوەند و ئەفسانەی خواوەندەکاندا کرد کە بەلای خەڵکی ئەسینا پەسند بوون و پێی راگەیاندن ئەم بابەتانە هیچی لەگەڵ عەقڵ و لۆجیکی مرۆڤدا ناگونجێ. پاڵەوانەکانی لە ژیانی واقیعی سەردەم هەڵدەبژارد و زیاتر بە دەروونی پاڵەوانە ئافرەتەکاندا شۆڕدەبۆوە و زمانێکی سادە و رەوانی هەبوو.

بۆ پێناسەکردنی تراژیدیش دەبێ بۆ تێڕوانینی ئەرەستۆ بگەڕێینەوە، چونکە لێکۆڵەر و شاعیران لەم بابەتەدا پێڕەویان لە ئەرەستۆ کردوە. لە (هونەری شیعری)یدا بەمجۆرە پێناسەی تراژیدیا کراوە:

((تراژیدی بریتییە لە لاساییکردنەوەی روداوێکی جدی و گەشەپێدراو و خاوەن مەودایەکی دیارییکراو، بە دەربڕینێکی جوان و رازاوە کە لە گشت بەشەکانی وەکو یەک بێت. شێوازێکی درامی هەبێت نەک گێڕانەوە و لە رێگەی ترس و دڵەڕاوکێ، هەست و سۆزی خەڵکی بووروووژێنێ و دەروونیان پاکژ بکاتەوە.))

ئەم پێناسەیە لە دوای ئەرەستۆ شیکردنەوە و راڤەی زۆری بۆ کراوە. (کۆرنی) پێیوایە تەنیا جدیی بوونی روداو و کەسێتی پاڵەوانەکانی بەرهەمەکە دەبێ بۆ جیاکردنەوەی تراژیدی و کۆمێدی بەس بێت. سەبارەت بە رووداوەکانی تراژیدی سەرجەم لێکۆڵەران هاوڕان و پێیانوایە دەبێ رووداوەکان لە مێژوو یان ئەفسانە وەرگیرابن و تاڕادەیەک سەرجەم شاعیرانی کلاسیک جگە لە ژمارەیەکی کەم ئەم بۆچوونەیان پەسندکردوە. ئەم رووداوانە دەبێ لە مێژووی رۆم یان ئەفسانەکانی یۆنان وەرگیرابن.

## رەگەزەکانی تراژیدیا

تراژیدیا کۆمەڵێک رەگەزی تایبەت بە خۆی هەیە کە هەندێکیان دەرەکی و هەندێکیان ناوخۆیین. رەگەزە دەرەکییەکان بریتیین لە: چیرۆک، دەستەواژە، دیمەنی شانۆیی و گۆرانی کە شاعیر هیچ پەیوەندییەکی بەم رەگەزە دەرەکییەکانەوە نییە. لەلایەکی تر هەندێ رەگەزی ناوخۆیی هەن کە پەیوەستن بە کاری شاعیریی تراژیدیا و ئەم رەگەزانە بریتیین لە: کردەوە، رەوشت، بیر، مەبەست.

گرنگترین رەگەزە ناوخۆییەکان پێکهاتەی کردەوە (جووڵە)یە، چونکە تراژیدیا باس لە کەسەکان ناکات؛ بەڵکو باس لە کردەوە، ژیان، بەختەوەری و کلۆڵی و نەهامەتیان دەکات. بەختەوەری و نەهامەتی کەسەکانی ناو تراژیدیا بەرهەمی کار و کردەوەکانیانە.

ئەرەستۆ لە کتێبی (هونەری شیعری)دا پێیوایە سەرەتای تراژیدیا، داستان بووە. ئەم بۆچوونەش تاڕادەیەک راستیی تێدایە، بەڵام لە زۆر رووەوەش لە لێکیان جیادەکاتەوە. جیاوازی داستان و تراژیدیی بە رای ئەرەستۆ لەم خاڵانەی خوارەوەدا بەدیار دەکەوێت:

١- داستان یەک جۆر کێش بەکار دێنێ، تراژیدیا چەند جۆرە کێشێک بەکاردێنێ.
٢- لاساییکردنەوە لە داستاندا بەهۆی گێڕانەوەی رووداوەکان دێتەدی، بەڵام لە تراژیدیادا بەهۆی کردار و گفتوگۆی ئەکتەرەکانەوە یان بەهۆی جووڵە و گفتوگۆوە بەدیدێ.
٣- مەودای داستان و تراژیدیا لە رووی کاتەوە جیاوازە. تراژیدیا خۆی بە زەمەن و کاتەوە سنووردار ناکات و دوورودرێژە، بەڵام فۆرمی تراژیدیا کورتە و هەوڵدەدات لە سنوورێکی تەسکدا خۆی کۆبکاتەوە.

**بەشەکانی تراژیدیا**

تراژیدیا وەکو جۆرێکی درامی لە چەند بەش پێکهاتووە کە بریتیین لە: دەروازە، پارچە و دەرچوون.
١- دەروازە (پرۆلۆگ): لە رێگەی دەروازەوە کۆمەڵە زانیارییەک سەبارەت بە رووداوەکانی ناو شانۆ پێشکەشی بینەر دەکرێ. شاعیر لەو بەشەدا هەوڵدەدات دەرگای رووداوەکان بەڕووی بینەراندا بکاتەوە، ئەم بەشە لە رێگەی یەک ئەکتەر یان هەندێجار لە شێوەی دیالۆگی نێوان دوو ئەکتەرەوە نمایش دەکرێ. ئەرەستۆ سەبارەت بەم بەشە دەڵێت: بەشێکی سەربەخۆیە و دەکەوێتە پێش دەرکەوتنی کۆڕ. ئەرکی کۆڕ لەسەر شانۆ بریتییە لەوەی کە سروودێکی کورتی خێرا بەرلە نمایشکردنی رووداوەکان پێشکەش دەکات.

٢- پێشەکی (پاڕۆدۆ): ئەرکی ئەم بەشەی دراما دەرکەوتنی ئەندامانی کۆڕی مۆسیقایە. زۆرجار دراما بە پێشەکی دەسپێدەکات و دەروازەی نابێت، لەم کاتەدا پێشەکی ئەرکی دەروازە وەردەگرێ. لەم

بەشەدا کورتەیەکی شانۆ بە مەبەستی بەرچاوڕوونی بینەران پێشکەش دەکرێت.

٣- گەڵاڵەکردنی چیرۆک (ئێپیزۆد): سەرەتای دەرکەوتنی ئەکتەرەکان و دەسپێکی ڕووداوەکانی دراما ئەرکی ئەم بەشەیە. لەم بەشەدا ڕووداوەکان گرێکوێرەی تێدەکەوێ و لقوپۆپی لێدەبێتەوە.

٤- کۆڕی مۆسیقا (ئێستاسیما): ڕووداوە یەک بەدوای یەکداهاتووەکانی بەشی ئێپیزۆد بەهۆی کۆڕی مۆسیقاوە لێکتر جیا دەکرێنەوە. بەهۆی ئاواز و گۆرانییەوە ڕووداوەکان تاوتوێ دەکرێن.

٥- دەرچوون یان ئەنجام (ئێکسۆدۆس): بەشێکی سەربەخۆی تراژیدیایە و ئەو بەشەیە کە ئیتر سروودی کۆڕی بەدوادا نایێت. لەم بەشەدا گرێکوێرەکانی ڕووداوەکان دەکرێنەوە. لە دوای وچان یان بۆشایی یەکسەر کۆتایی و دەرچوونە و لەم بەشەدا کە کۆتایی درامایە ئەکتەر و کۆڕی مۆسیقا تەختەی شانۆ بەجێدێڵن.

## کۆمیدیا

تیۆری کۆمیدیا زۆر کورتە و ئەرەستۆ تاڕادەیەک هیچ شتێکی وای سەبارەت بە کۆمیدیا نەگووتووە، بەڵام دانەرانی ڕێساکانی کلاسیک، بەمجۆرە پێناسەی کۆمیدیایان کردوە: ((کۆمیدیا بریتییە لە بەرهەمێکی درامی سەرنجڕاکێش کە ئەکتەرەکانی سەربە توێژی خوارەوەی کۆمەڵگەن و ڕووداوەکانی لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی ئاسایی وەرگیراون. لە کۆمیدیادا بنەمای هەقیقەت بینی دەبێ زۆر پتر لە شوێنی تر ڕەچاوبکرێ، کۆتاییەکی خۆشی هەبێ و ڕووداوی داهێنەرانەی تێدا دەرکەوێت.)) هەروەها سەرجەم بنەما و ڕێساکانی تراژیدیا بەتایبەتی یاسای سێ یەکێتی لە کۆمێدیاشدا پێڕەو دەکرێت و بەشەکانی کۆمیدیا وەکو تراژیدیا بریتین لە: دەروازە، پێشەکی، گەڵاڵەکردنی چیرۆک، کۆڕی مۆسیقا و ئەنجام.

لە ڕێبازی کلاسیسیزمدا یاسای سێ یەکێتی بنەمای سەرەکی و یاسای بنچینەیی درامایە و دەبێ لە نووسینی تراژیدیا و کۆمیدیدا ڕەچاوی یەکێتی بابەت، کات و شوێن بکرێت. لەساڵی ١٦٢٩ لە پاریس هۆڵی (ماریەس) بە مەبەستی پێشکەشکردنی شانۆ بیناکرا، مەبەست لە بیناکردنی ماریەس ئەوە بوو تاکو ئەو درامایانەی لەسەر بنەمای سێ یەکێتی بابەت، کات و شوێن دامەزرابوون لەم هۆڵەدا پێشکەش بکرێن. لەم سەردەمەدا درامای کلاسیک لەلایەن سێ درامانوسی بەتواناوە لە بەرەوپێشچوون دابوو. ئەم سێ کەسە بریتیبوون لە (پیێر کۆرنی، راسین و مولیێر) کۆرنی و راسین هەر دووکیان لە بواری تراژیدیای کلایسیزمدا داهێنانی زۆر گەورەیان ئەنجامدا، کۆرنی بە نوێنەری داهێنانی قۆناغی یەکەمی کلاسیسیزم و راسین بە نوێنەری قۆناغی دووەمی کلاسیسیزم دادەنرێن. تایبەتمەندییەکانی دراما لەم دوو قۆناغەی کلاسیسیزمدا تاڕادەیەک جیاوازن و هۆکاری جیاوازییەکەش بۆ شێوازی کاری ئەم دوو نووسەرە دەگەڕێتەوە. جیاوازییەکان لەم بابەتانەدا دەردەکەون.

١- لە قۆناغی یەکەمدا لای کۆرنی ململانێی کەسێتییەکان زۆر بە ئاشکرایی بەرچاوە و ئەگەرچی دیوی ناوەوەی کەسێتییەکان لە شانۆی ئەم قۆناغەدا تاڕادەیەک گرنگی پێدراوە، بەڵام دەربڕی چڕوپڕی دەروونی کەسەکان نییە.

٢- کۆرنی جەختی لەسەر کردەی پاڵەوانێتی دەکردەوە. پاڵەوان بەرژەوەندی گشتی لەبەرچاو دەگرت و گرنگی بە بەرژەوەندیی کەسی خۆی نەدەدا. واتا لە بەرامبەر بەرژەوەندی گشتی و ئەرکی نیشتمانی، قوربانی بە بەرژەوەندیی تاکەکەسی خۆی دەدا.

٣- لای کۆرنی ئایدیا راستەوخۆیە، پاڵەوان هەمیشە سەردەکەوێ، بۆیە گرنگی بە ململانێی خیتابی دەدا واتا هەست و نەست و سۆزیی دەروون تێیدا بەرچاو ناکەوێت.

لە قۆناغی دووەم و لای راسین جیاوازە و ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوە دەردەکەوێت.

١- لە قۆناغی دووەمدا جەخت لەسەر بابەتی خۆشەویستی دەکرێتەوە. سۆزی دەروون لە ململانێکاندا زاڵدەبێ. زۆربەی پاڵەوانەکان بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە وێنای ئازار و هەستە نامۆکانی ناخیان دەکەن.

٢- لای راسین ژمارەی پاڵەوانەکان کەمە، گرێ و چنینەکەشی باش و سادەیە.

٣- لای راسین پاڵەوان لە ئاست بەرژەوەندی تایبەتی خۆی نابینایە، تەنیا ئەرکی نیشتمانی بە بەهای بەرزی کۆمەڵایەتی دادەنرێت، بۆیە کەسایەتییەکانی شانۆی راسین خەفەتبار و مەینەتبارن.

**جۆرەکانی تر:** شیعری شوانکاریی، لیریک، بڕگەیی و ...

**شیعری شوانکاریی**، چیرۆکی ئەو شوانانەیە کە ئاوازی سروشت و دڵدارییەکانی خۆیان دەهۆننەوە. بەهای ئەم شیعرانە بە ئاسانی و رەوانی شیعرەکان و سروشتی بوونیانەوە بەستراوەتەوە. شیعری شوانکاریی دەبێ دووربێت لە هەمو شتێکی زبر و نالەبار کە رازاوەیی شیعرەکە تێکبدات، بەڵام هاوکات دەبێ لایەنی ساکاریی و لادێیی بوونی لە دەست نەدات.

**شیعری لیریکی** جۆری جیاوازی هەیە و دیارترین جۆری شیعری لیریکی، قەسیدەیە کە ستایشی خوداکان و وەسفی دەسکەوتە مەزنەکان و دەربڕینی ئەویندارى لەخۆ دەگرێت. ئەم جۆرە شیعرانە دەبێ لە رووی دەربڕین و بابەت سەرنجڕاکێش و دیار بێت.

**جۆرە لاوەکییەکانی تر** وەکو شیعری بڕگەیی، مەتەڵ و ترجیع بەند کە یاسا و رێسای دیاریکراویان نییە و فۆرمەکانیان پتر بە ویست و زەوقی بێژەرەکانیانەوە بەستراوەتەوە.

## • رۆمانسیزم

رۆمانسیزم بەرلەوەی بزاڤێکی ئەدەبی و هونەری بێ، قۆناغێکی هەستیاریی ئەورووپی بوو کە سەرەتا لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەم لە ئینگلتەرا لەسەر دەستی (ویلیام بلەیک W. Blacke، وردزۆرس Wordsworth، کۆلدریج Coleridge) و لە ئەڵمانیا لەسەر دەستی (گۆتێ Goete، شیلێر Schiller، هۆلدێرلین Holderlin) و دواتر لە سەدەی نۆزدەم لە فەڕەنسا لەسەر دەستی (ڤیکتۆر هۆگۆ، شاتۆبێریان، لامارتین) لە ئیتاڵیا لەسەر دەستی (مانسۆنی Manzony، لئیۆپاردی Leopardi) و لە ئەسپانیا لەسەر دەستی (زۆریلیا zorrilla) و لە وڵاتانی ئەسکاندیناڤیا لەسەر دەستی (ئۆلنشلگێر Oehlenschlager، تێگنێر Tegner و ئێستاگنلیووس Stagnelis) دەرکەوت.

رۆمانسیزم لە بنەڕەتدا بزاڤێکی شۆڕشگێڕییە و دروشمەکانی هەمان ئەو دروشمە فەلسەفی و سیاسیانەیە کە بەزۆری لە سەردەمی رۆشنگەریدا بەرزکرابوونەوە کە بریتی بوون لە: دەربڕینی سەربەستانەی هەست و سۆزی مرۆیی و دانانان بە مافی تاک.

وشەی رۆمانتیک لە وشەی رۆمانس وەرگیراوە کە لە بنچینەدا وشەیەکی کۆنی فەڕەنسییە. رۆمانس بە واتای زمانە ناوچەییەکانی رۆمی دێت کە ریشەیان بۆ زمانی لاتین دەگەڕێتەوە. ئەم زمانە ناوچەییانە بریتیبوون لە: ئیتاڵی، فەڕەنسی، ئەسپانی، پۆرتوگالی، کاتالۆنی و پرۆوانسی.

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا رۆمانس مانای چیرۆکی پاڵەوانی و ئەویندارى وەرگرتبوو. ئەو چیرۆکانەی کە ناوەڕۆک و بابەتی سەرەکییان لە سەر بنەمای شۆڕەسواری و جوامێری بونیات نرابوون و پاڵەوانەکەیان خاوەن کەسێتییەکی بەرز و خۆنەویست بوو. لەم سەردەمەدا زاراوەی رۆمانس بۆ ئەو نووسین و وەرگێڕانانە بەکاردەهێنرا کە بەو زمانە ناوچەییانە دەنووسران. سیفەتی رۆمانتیک بۆ یەکەمینجار لە زمانی ئینگلیزیدا لە ساڵی ١٦٥٠ بەکارهێنراوە و لە ئەڵمانیدا لە ساڵی ١٦٦٣ و لە فەڕەنسیشدا لە ساڵی ١٦٦١ بەکارهاتووە.

ئایا دەشێ رۆمانتیک بەواتای وەک رۆمانس دابنرێت؟ بۆ؟

لە راستیدا دەکرێ رۆمانتیک بەواتای (وەک رۆمانس) دابنرێ، بە ڕەچاوکردنی ئەو بابەتەی کە رۆمانس یان رۆمان بەزۆری ناوەڕۆکێکی خەیاڵی و پڕهەست و سۆزی هەبووە و رووداوەکانی لەسەر بنەمای چیرۆکی پاڵەوانێتی و ئەویندارى و شۆڕەسواری بونیات نرابوو، بۆیە رۆمانتیک وەک سیفەت هەڵگری

مانا و مەفوومی خەیاڵاوی و پڕهەست و سۆزە. ڕۆمانس وەکو ژانرێکی ئەدەبی پڕە لە دیمەنی پڕسۆز، ورووژان و دیمەنی سەیر و سەمەرە کە خوێنەر نەیدەتوانی بیر لە ئەگەری ڕوودانیان بکاتەوە و بە گشتی لەگەڵ عەقڵی سەردەمی سەدەی حەڤدەم نەدەگونجا، بۆیە لەم سەردەمەدا واتای ڕۆمانتیک نەرێیە و کۆمەڵە چەمکێکی وەکو (دوور لە عەقڵ، گاڵتەجارانە، خەیاڵاوی و منداڵانە)ی بەسەردا سەپێنرا. ئەم سیفەتە بۆ ماوەیەکی زۆر بە هاوواتای خەیاڵاوی و ئەفسانەیی دادەنرا کە لەلایەن کلاسیکەکانەوە بۆ گاڵتە پێکردنی ڕۆمانتیکەکان بەکاردەهێنرا.

## تێڕوانینی کلاسیکەکان سەبارەت بە ڕۆمانتیک

کلاسیکەکان پێیانوابوو خەیاڵی ڕۆمانتیکییەت ڕوونی و ئاشکرایی سیمای هونەریی هەڵدەوەشێنێتەوە و ڕۆمانتیکیش وەکو بزاڤێکی ئەدەبی خاوەن بنیاتێکی ڕێکوپێک نییە و ستاتیکا(جوان)ی هونەریی دەشێوێنێ. ساموێل جۆنسۆن کە سەربە ڕێبازی کلاسیک بوو بە بەدگومانییەوە لە ڕۆمانتیکییەتی دەڕوانی و لە ساڵی ١٧٧٥ لە فەرهەنگەکەیدا بەمجۆرە پێناسەی ڕۆمانتیکی کرد: ڕۆمانتیک بە ئەفسانە یان ڕۆمانسێک دەگووترێ، کە هەڵنەسەنگێنراو، نادیار، نەشاز و پڕ لە دیمەنی ناماقووڵە.

لەم قۆناغەدا کۆن و نوێ، واتا کلاسیک و ڕۆمانتیک ڕووبەڕووی یەکتری دەوەستنەوە. کۆن، نوێ ڕەتدەکاتەوە و بە چاوێکی نزم سەیری دەکات و بۆ سەرکوتکردن و لەناوبردنی هەموو کارێک دەکات. لەبەرامبەردا نوێ بەرەنگاری کۆن دەبێتەوە و بۆ چەسپاندن و سەلماندنی خۆی گشت یاسا داڕێژراوەکانی سەردەمی پێش خۆی دەخاتە ژێر پرسیار و هەوڵی هەڵوەشاندنەوە و تێکشکاندنییان دەدات، بەڵام بەگشتی لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەمەوە لەگەڵ گۆڕانە فیکری و هزری و کۆمەڵایەتییەکان، ئیتر وشەی ڕۆمانتیک وردەوردە بەها و واتایەکی بەرز وەردەگرێ و ئەمەش لەکاتێکدا دەردەکەوێ کە چەرخی (عەقڵ) جێگەی خۆی بە چەرخی (هەست و سۆز) دەدات. لێرەوەیە کە هەست و سۆز بەسەر عەقڵدا سەردەکەوێ و ڕۆمانتیک جێگەی کلاسیک دەگرێتەوە.

لەسەرەتادا ڕۆمانتیک زاراوەیەکی تایبەت بە بواری ڕەخنەی ئەدەبی نەبوو، گواستنەوەی ئەم زاراوەیە بۆ ناو سنووری ئەدەبی تاڕادەیەک درەنگ

روویداوە و دەتوانین دەرکەوتنی ئەم زاراوەیە لە جیهانی رەخنە و تیۆری ئەدەبی بۆ ساڵی ١٧٩٨ بگەڕێنینەوە. (فرێدریش شێلیگێل) یەکەمین کەس بووە کە زاراوەی رۆمانتیکی هێناوەتە ناو سنووری رەخنەی ئەدەبی. ئەم رەخنەگر و فەیلەسووفە ئەڵمانییە لە ساڵی ١٧٩٨دا بە مەبەستی وەسفکردنی جۆرەکانی دەربڕینی هونەری، زاراوەی (رۆمانتش)ی بەکاربرد و بەتایبەتی دەیبەستەوە بەو شتەی کە پێیدەگووت (شیعریی جیهانی و پێشکەوتوو) و رایگەیاند: بۆ وەسفکردنی بەرهەمی هونەری پێویستیمان بە زارەوەیەکی نوێ هەیە کە رەنگدانەوەی دەربڕینی ئازادانەی خەیاڵ و هزرە.

دەربڕینی ئازادانەی خەیاڵ و هزر، رۆمانسیزمی پێیدەگووترێ. ئەو رۆمانسیزمەی کە شەپۆلێکی خەون‌ئاسای خەیاڵە لە جیهانی ئایدیال و دەستکردی ئاواتەکان و لەم ناوەندەدا زمان و وشە و دەربڕین دەکەونە بەر لێشاوی خەیاڵ و مرۆڤ سووک و ئازاد و سەرگەردان لەناو دەریای خەونەکان بیر لە جوانترین جوانییەکان دەکاتەوە، بێ‌ئەوەی بیر لە پۆلینکردن و ریزکردن و هەڵبژاردنی وشە و زاراوە بکاتەوە. لەو شوێنەدا کە ئەدەب دنیای ئاشنا جێدێڵێ و بەرەو خوڵقاندن و ئاشکراکردنی دنیایێکی نەزانراو هەنگاو دەنێت، زمانی ئەدەب دەبێتە زمانی ئازادی. ئەم ئازادییە لە دەربڕین و دۆزینەوەی جیهانی نەزانراو پێیدەگووترێ دنیای رۆمانسییەت.

پێناسەکردنی رۆمانسیزم و بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە لە سەرەتای دەرکەوتنی ئەم رێبازە تاکو ئەمڕۆ کێشەی لەسەر بووە و لەناو دەریایەک لە پێناسەی جۆربەجۆردا نقووم بووە. زۆربەی ئەو کەسانەی لێکۆڵینەوەیان لەسەر رۆمانسیزم کردووە، هەوڵیانداوە پێناسەی ئەم زاراوەیە بکەن کە ئەمەش گرفتی بۆ لێکۆڵەران درووست کردووە. (بۆرگام) لە ساڵی ١٩٤٠دا لە گۆڤاری (کێنیۆن ریۆیۆ) سەبارەت بە پێناسەکردنی رۆمانسیزمەوە دەڵێ: کەسێک بخوازێ پێناسەی رۆمانسیزم بکات، ئەوە خۆی لە کارێکی مەترسیدار دەدات کە زۆر کەسی ناکام کردووە. لە دەیەی ١٩٤٠دا نزیکەی یازدە هەزار پێناسە سەبارەت بە رۆمانسیزم کۆکراوەتەوە.

لە بنچینەدا زاراوەی رۆمانسیزم کۆمەڵە واتایەکی دژیەک و جۆربەجۆری گرتۆتەوە. (ئالفرێد دومۆسێ) سەبارەت بە رۆمانسیزمەوە دەڵێ: رۆمانسیزم نە بچووک کردنەوەی یاسای سێ یەکێتی رێبازی کلاسیزمە و نە ئاوێتەکردنی تراژیدی و کۆمێدییە، رۆمانسیزم دەربڕینی سۆز و سەرمەستی نەخۆشییە.

رۆمانتیکەکان پێیانوایە رۆمانسیزم نەخۆشییە، نەخۆشی سەردەمە. نەخۆشییەکی دەروونی کە بەرۆکی مرۆڤی رۆمانتیکی گرتووە. لێرەوەیە کە

ڕۆمانسیزم وەکو ڕێبازێکی ئەدەبی و هونەری هەوڵی دەرخستنی ئەم نەخۆشییە و چارەسەرکردنی دەدات. بۆ چارەسەرکردنی ئەم نەخۆشییە هونەرمەندی ڕۆمانتیک پشت لە جیهانی واقیعی دەورووبەری دەکات و پەنا بۆ جیهانێکی خەیاڵی دەبات کە لە باوەشی سرووشتدا پەروەردەی دەکات. بۆیە (ڕۆسۆ) لە پێناسەکردنی ڕۆمانسیزمدا دەڵێ: ڕۆمانسیزم گەڕانەوە بۆ سرووشتە. (گۆتێ) لە بەرامبەر یەکتر دانانی کلاسیزم و ڕۆمانسیزم دەگاتە ئەو ئەنجامە کە ڕۆمانسیزم نەخۆشی و کلاسیزم تەندروستییە. لە سەردەمی ڕۆمانتیکدا جارێکی تر بایەخ بە سەدەکانی ناوەڕاست دەدرێ و دەبێتە سەرچاوەیەک بۆ ئیلهامی شاعیرانەی سەردەمی ڕۆمانتیک و ئەم گرنگی پێدانە بەڕادەیەک بەرهەست دەکەوێ کە (هاینێ) لە پێناسەکردنی ڕۆمانسیزمدا دەڵێ: بوژاندنەوەی سەرلەنوێی ژیان و هزری سەدەکانی ناوەڕاستە.

لە ڕاستیدا ڕۆمانسیزم بزاڤێکی ڕەچەڵەک شکێنە، چونکە بەرلە دەرکەوتنی ڕۆمانسیزم، ئەدەب لە خزمەت کۆشک و چینی خانەداندا بوو، بەڵام ڕۆمانسیزم بە سەرهەڵدانە ئاگرینەکەی ئەم کۆشک و تەلارانەی تێک شکاند کە ئەدەبیات لەناویدا بەند کرابوو. لە ڕۆمانسیزم بەدواوە ئەدەب دێتە ناو باوەشی خەڵک. بەواتایەکی تر ڕۆمانسیزم (بە نەتەوەییکردن) یان (خۆماڵیکردن)ی ئەدەبە لە چوارچێوەی جوانیناسییەکی سروشتخوازانە کە وەکو بزاڤێکی شۆڕشگێڕانە لە مێژووی ئەدەبدا خۆی چەسپاند. ڕۆمانسیزم بەپێچەوانەی ڕێبازی کلاسیزم، مل بە هیچ یاسا و ڕێسایەکی سەپێنراو نادات و لە هەموو یاسا و ڕێسایەکی نەگۆڕی ناو جیهانی ئەدەب یاخی دەبێتەوە.

## نموونەی چەند پێناسەیەک

ڕۆمانسییەت نەخۆشییە، بەڵام کلاسیکیی تەندرووستییە.

(J. W. V. Goethe گۆتێ ١٧٤٧-١٨٣٢)

ڕۆمانسییەت گەڕانەوەیە بۆ ژیانی سەدەکانی ناوەڕاست.

(C. J. Heinrich. Heine هاینێ ١٧٩٧-١٨٥٦)

ڕۆمانسییەت گەڕانەوەیە بۆ سرووشت.

(Rousseau ڕۆسۆ)

ڕۆمانسییەت بیرکردنەوەیەکی شێواوە کە گوزارشت لە عەقڵێکی هەرزەکارانە دەکات. (I. Babbitt بابیت ١٨٦٥-١٩٣٣)

ڕۆمانسییەت هاوواتای چەمکەکانی ئازادیی و خۆشەویستی و خەیاڵە.

(V. Hugo ڤیکتۆر هوگۆ)
رۆمانسییەت هەوڵدانێکە بۆ راکردن لە واقیع.
(J. W. Waterhouse ڤاترهاوس ١٨٤٩-١٩١٧)
رۆمانسییەت هاوچەرخێتیی و ئەزموون و بەرهەمی سەردەمیانەیە.
(Stendhal ستاندال ١٧٨٣-١٨٤٢)
رۆمانسییەت سۆزە لە بری عەقڵ و دڵە لە بری سەر.
(G. Sand جۆرج ساند ١٨٠٤-١٨٧٦)
رۆمانسییەت پتر بایەخ بە ناوەڕۆک دەدات، نەک شێوە.
(H. J. Grerson گێرێرسۆن ١٨٦٣-١٩٢٣)
رۆمانسییەت شیعرێکە کە تەنها ئەوەتا پەخشان نییە.
(L. S. Denise دێنیس ١٨٦٣-١٩١٣)

## • دەسپێکی چەرخی نوێ لە ئەدەبی ئەورووپییدا

سەرەتای سەدەی نۆزدەم دەبێ بە چەرخی نوێ لە ئەدەبی ئەورووپی دابنرێ کە تاکو ئەمڕۆش بەردەوامە. شۆڕشی فەڕەنسی کاریگەری کردە سەر زۆربەی وڵاتانی ئەورووپی و وزە شاراوەکانی توێژی بیرمەند و رۆشنبیری هێنایە پێشەوە. ئەو گەشت و کۆچڕەوییانەی کە روویاندا سۆز و هزرە جیاوازەکانی ئاوێتەی یەکتری کرد. لەم سەدەیەدا مرۆڤێکی نوێ بەدیارکەوت کە شێوازی بیرکردنەوەی بەهیچ شێوەیەک لە مرۆڤی سەدەی حەڤدەم نەدەچوو.

هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێدا سەردەمی رێنسانس لە ژێر هەیمەنەی خانەداناندا بوو، سەردەمی کلاسیک رۆژگاری حکومڕانی ناوەندیی و زاڵبوونی زنجیرەی چینایەتی و پلەبەندی بوو؛ بەڵام چەرخی نوێ کە بە سەردەمی رۆمانسیزم ناسراوە، بە سەردەمی دەسەڵاتی چینی بورجوازی دادەنرێ. لەم سەردەمەدا خانەدانان لە پلەوپایە بەرزەکانیان دادەماڵرێن و پێگە مەزنەکەیان لەکیس دەچێ. هۆڵە بریسکەدارەکانی ئەدەبی و ئەکادیمییەکان کاریگەرییەکی ئەوتۆیان بەسەر چارەنووسی هونەرمەندان و بەرهەمەکانیاندا نەبوو، بەڵکو ئەوە رۆژنامە ئەدەبییەکان بوون کە بایەخیان پێدرا و لە سێ دەیەی یەکەمی سەدەی نۆزدەم لە ئینگلتەرا و فەڕەنسادا ژمارەیەک گۆڤاری ئەدەبی مانگانە بڵاوبوونەوە. ئەدیبان لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا بەرهەمە هونەرییەکانی خۆیان بڵاودەکردەوە و لە رێگەی ئەم رۆژنامە و گۆڤارانە ناوبانگیان دەردەکرد. شاعیر و نووسەران سەر بە توێژە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگە بوون و ژانرە ئەدەبییەکان گەشەیان کرد و ژانری نوێ و جیاواز لەدایکبوون. پلەی کۆمەڵایەتی هونەرمەند و ئەدیبان بەرزبۆوە و هەوڵیاندەدا کارێکی وەها مەزن بکەن کە

کاریگەری بەسەر چارەنووسی سەرجەم هاونیشتمانیاندا هەبێ. لەم سەردەمەدا بوو کە ئەدەبیاتی رۆمانتیک لە وڵاتە جیاوازەکانی ئەورووپادا یەک بە دوای یەک بەدیارکەوت.

وشەی رۆمانتیک کە لە سەدەی حەڤدەم لە ئینگلتەرادا بۆ دەربڕینی شاعیرانە بەکاردەبرا، لە ساڵی ١٦٧٦ دەگاتە فەڕەنسا. بۆ ماوەیەکی زۆر بە هاوواتای خەیاڵاوی و ئەفسانەیی بەکاردەبرا و تاکو ساڵی ١٧٧٥ بەمانای ئێستای بەکار نەهات. لەم ساڵانەدا کلاسیکە بەزیوەکان بەمەبەستی گاڵتەپێکردن بە لایەنگرانی رۆمانسیزم، بۆ ناونانیان بەکاریان دەبرد، بەڵام نووسەرە نوێیەکانیش ئەم زاراوەیان پەسندکرد و بەوپەڕی شانازییەوە بەخۆیان دەگووت رۆمانتیک.

رۆمانسیزم کە لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەم لە ئینگلتەرا سەریهەڵدا، دواتر بەرەو ئەڵمانیا گواستراوە و دوای ماوەیەک واتا لە ساڵی ١٨٣٠ دەگاتە فەڕەنسا و ئەسپانیا و رووسیا و تاکو ساڵی ١٨٥٠ بەسەر ئەدەبیاتی ئەورووپادا زاڵبوو.

رۆمانسیزمی فەڕەنسا لەژێر کاریگەری رۆمانسیزمی ئینگلتەرا و ئەڵمانیا بەدیهات، واتا بۆ یەکەمینجار (شاتوبێریان) بەرهەمی شاعیرانی ئینگلیزی و (مۆدام دوئیستال) بەرهەمی شاعیرانی ئەڵمانییان وەرگێڕا. هاوکات لەگەڵ دامەزراندنی قوتابخانەی رۆمانتیک لە فەڕەنسا لەلایەک بەرهەمەکانی (ریچاردسۆن، یانک، والتێر سکۆت) و لەلایەکی تر بەرهەمەکانی (گوتێ، شیلێر) و هەروەها (کۆمیدیای یەزدانی) دانتی و تەورات و ئینجیل سەرنجیان پێدرا و لە جیهانی ئەدەبدا رەنگدانەوەیان هەبوو. رۆمانسیزمی فەڕەنسی بەمەبەستی لەناوبردنی دەسەڵاتی قوتابخانەی کلاسیزم، سەرجەم ئەم بابەتانەی بەکاربرد. ئەگەرچی رۆمانسیزمی فەڕەنسی لەژێر کاریگەری ئەدەبی بێگانەدا سەریهەڵدابوو، بەڵام هەر خێرا بەشێوەی قوتابخانەیەکی پتەو خۆی چەسپاند بە چەشنێک کە کۆمەڵە هونەرمەند و ئەدیبێکی وەکو (لامارتین، ئاڵفرێ دووینی، ئەلەکساندەر دۆما، ڤیکتۆر هۆگۆ، ئاڵفرێ دومووسێ، سەنت بوو، ژۆرژ ساند) کە بەزۆری لە ڕووی سرووشت و شێووازی بیرکردنەوە زۆر لەگەڵ یەکتری جیاواز بوون، بەدوای خۆیدا راکێشا. لێرەدا بەرلەوەی شرۆڤەی رێبازی رۆمانتیکی لە وڵاتە جیاوازەکانی ئەورووپادا بکەین، باشتر وایە پێڕەو و پرۆگرامی رێبازی رۆمانسیزم بخەینەڕوو:

رۆمانسیزم وەکو قوتابخانەیەکی ئەدەبی خاوەن پێڕەو و پرۆگرامێکی تایبەت بە خۆیەتی، تایبەتمەندییەکانی رێبازی رۆمانسیزم بژمێرە.
یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی رێبازی رۆمانسیزم، بریتییە لە سەربەستی، تاوتوێی ئەم بابەتە بکە.

١- **سەربەستی:** ساڵی ١٨٣٠ ساڵی شۆڕشی ئەدەبییە. لەم ساڵەدا (ڤیکتۆر هۆگۆ) و هاوڕێکانی بە پشتبەستن بەو رێنماییانەی کە پێشتر لە گۆڤارەکەیاندا بڵاویان کردبۆوە، رۆمانسیزمیان وەکو قوتابخانەی ئازادی هونەر و کەسێتی ناساند. هونەرمەندی رۆمانتیک گرنگی بە خواست و پێویستییەکانی رۆحی خۆی دەدا و دەڵێ ئەوەی ئیلهام بە هونەرمەند دەبەخشێ و بە مانا و جەوهەری ژیان دادەنرێ، (ئەوین و هۆگری)یە. ئەم هۆگرییە دەبێ سەربەست بێ. ئەدیب دەتوانێ سەربەستانە راوبۆچوونی خۆی دەربڕێ و دیاردە باو و دزێوەکانی ناو کۆمەڵگە تاوتوێ بکات و بڕیاریان لەسەر بدات. ئەدەب و ئەدیب نابێ ملکەجێ کۆمەڵە یاسایەک بێ و لە سنوور و چوارچێوەی دیاریکراودا قۆڵبەست بکرێ. ئەدەب دەبێ بە شێوەیەکی سەربەستانە هەموو گۆشەیەکی ژیان چ جوان چ ناشرین، چ بەرز چ نزم، بکاتە بابەتی بەرهەمە ئەدەبییەکان و دەتوانێ سوود لە هەموو قۆناغێکی مێژوویی و گشت دیمەنەکانی جیهان وەربگرێ.

٢- **کەسێتی:** ئەدیبی رۆمانتیک بە مەبەستی خۆ دەربازکردن لە کۆتوبەندی یاساکانی رێبازی کلاسیزم، خۆی هەڵدەپچڕێ و (من)ی سەربەخۆ دەکاتە فەرمانڕەوای سەربەستی دنیای ئەدەب و لە رێگەی هونەر، خواست و ئاواتەکانی دەروون و ئازارەکانی رۆحی خۆی بەرجەستە دەکات. ئەم گرنگیدان بە تاکە لە ئەدەبی رۆمانتیک بەمانای خۆپەرستی نییە. پێشتر هونەرمەندی کلاسیک بە مەبەستی وەسفکردنی (مرۆڤ) بە شێوەیەکی گشتی، پاڵەوانی خۆی لە ئەفسانە هەڵدەبژارد، بەڵام هونەرمەندی رۆمانتیک خۆدی خۆی لەجیاتی ئەم پاڵەوانە ئەفسانەییە دادەنێ و خۆی بە نموونەی تاکەکانی تر بەرجەستە دەکات.

٣- **ورووژان و هەست و سۆز:** دەبێ بزانین لە تەک عەقڵ و سرووشتدا ئەوە دڵە کە مەڵبەندی هەست و سۆزە خاوەن جیهانی تایبەت بە خۆیەتی. بێگومان هەست و سۆز پتر لە هزر بەسەر رۆح و گیانی مرۆڤدا کاریگەرە. بۆیە دەبێ هەست و سۆز و خواستە دەروونییەکان بکرێنە بابەتی ئەدەبی. لێرەوەیە کە دەگووترێ: ئەوەی دەبێ دەربڕێ ورووژانی شاعیرە و

ئەوەی دەبێ دەستەبەر بکرێ، ورووژاندنی خەڵکە. دڵ دەبێ بەبێ هیچ کۆتوبەندێک بێتەگۆ و بەبێ هیچ کۆتوبەندێک فەرمان دەربکات.

٤- **هەڵاتن و گەشت**: تووڕەبوون لە ژینگە و رۆژگار و هەڵاتن بەرەو ژینگە یان سەردەمی تر، بانگەشەکردن بۆ گەشتی مێژوویی و جوگرافی، گەشتی واقیعی یان سەفەرکردن بەباڵی خەیاڵ، یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی بەرهەمی رۆمانتیکە.

٥- **دۆزینەوە و دڵبینی**: نقوومبوون لە دنیای جوان و رازاوە نایێتە بەربەست بۆ ئەوەی هونەرمەندی رۆمانتیک بیر لە دۆزینەوە و لادانی پەردە لەسەر نهێمییەکان نەکاتەوە و نهێنییەکانی جیهان نەدۆزێتەوە. هونەرمەندی رۆمانتیک خەیاڵ، هیوا، ئاوات و پەرجوو لە شوێن هەقیقەت دادەنێ و پتر لەوەی پابەندی لاساییکردنەوە بێ، پابەندی وێناکردنە. ئەدەب ئاوێتەی موبالەغە دەکرێ، واتا باسی ئەو شتە ناکات کە هەیە، بەڵکو باسی ئەو شتە دەکات کە دەبێ هەبێ. رۆمانسیزم جۆرێک (دەروونبینی)ی موبالەغەئامێزە. (لامارتین) لە پێناسەکردنی شیعردا بە باشترین شێواز ئەم بابەتەی روونکردۆتەوە:

((دەرپڕینی ناسکترینی ئەو شتانەی کە دڵی مرۆڤ خاوەنییەتی و خودایی ترینی ئەو هزرانەی کە لە مێشکی مرۆڤدا پەنگ دەخواتەوە و ئاوێتەکردنی رازاوەترینی ئەو شتانەی کە لە سرووشتدا بەدیدەکرێن، لە رێگەی خۆشترین دەنگ شیعری پێدەگووترێ.))

٦- **ئەفسوونی پەیڤ**: (وشە) تەنیا دەرپڕی مەبەستێکی سادە نییە، بەڵکو خاوەن بەهایەکی تایبەت بەخۆیەتی و دەبێ رەچاوی مانا خەیاڵاویی و ئاوازدەرییەکەی بکرێ. ئێستا دەبێ پتر لە هەموو شتێک وردێتی بکرێ لە پەیوەندی ناوبەری وشەکان لەگەڵ یەکتری و ئەو ورووژانانەی کە هەریەک لە وشەکان هەڵیدەچووێنێ. بەم پێیە گرنگیدان بە وشە جیاوازەکان، فەرهەنگی وشەکانی زمانی رۆمانتیکی ساماندارتر کرد و پشتبەستن بە ژمارەیەک وشەی سادە و سنووردار و دەسنیشانکراو کە تایبەتمەندی کلاسیزم بوون، رەتکراوە.

رۆمانسیزم وەکو قوتابخانە و رێبازی ئەدەبی لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەم دەرکەوت. ئەم رێبازە بەسەر چەند قوتابخانە یان شێوازێکدا دابەشدەبێ کە دیارترینیان بریتین لە: قوتابخانەی ئەڵمانی، قوتابخانەی فەڕەنسی و قوتابخانەی ئینگلیزی.

یەکەم: قوتابخانەی ئەڵمانی:

ساڵی ١٧٩٧ ساڵی دەرکەوتنی رۆمانسیزمی ئەڵمانییە. لەم ساڵەدا رۆمانی (نهێنییەکانی دەروونی رەبەنێکی هونەر دۆست) لەلایەن ***لودویگ تیک*** و ***ڤاکنێرودێر*** بڵاوکاراوە. لەم کاتەدا فردریش شلێگێڵ و ڤیلهۆڵم شلێگێڵ گۆڤاری (ئاتنائوم)یان دەردەرکرد و تێیدا وتاریان سەبارەت بە ئەدەب و هونەر بڵاودەکردەوە. هەروەها لەم ساتوئانەدا بوو کە (گوتێ) چاوی بە شلێگێڵ کەوت و لە ساڵی ١٧٩٨ شلێگێڵ وتارێکی رەخنەیی لەسەر بەرهەمێکی گوتێ نووسی کە بە بناغەی رەخنەی ئەدەبی رۆمانتیک دادەنرێ. لێرەوەیە کە بەردی بناغەی رێبازی رۆمانسیزم دادەنرێ.

رۆمانسیزمی ئەڵمانی خۆیشی بەسەر سێ قۆناغدا دابەش دەکرێ. قۆناغی یەکەم لەسەر دەستی برایانی شلێگێڵ و گۆڤارەکەیان بەناوی (ئاتنائوم) بەرەوپێشەوە دەڕوا. قۆناغی دووەم لەسەر دەستی (فۆن ئاڕنیم) و (بێرنتانۆ) و رۆژنامەکەیان بەناوی (رۆژنامە بۆ گەورەکان) بەرەوپێشەوە دەچوو. قۆناغی سێیەم کە بە رۆمانسیزمی (درەنگ پێگەیشتوو) ناسراوە، لە بەڕلینەوە بەرەو موینشن و ڤیەننا کۆچ دەکات و بەجۆرێک لەناو تێڕوانینی کەلیسایيدا لە چوارچێوە دەدرێ.

دووەم: قوتابخانەی فەڕەنسی:

رێبازی رۆمانسیزم لەسەر دەستی فەڕەنسییەکانەوە وەکو قوتابخانەیەکی ئەدەبی بە جیهان ناسێنرا و بڵاوکرایەوە و دەستوور و بنەماکانی ئەم رێبازە ئەدەبییەیان دەسنیشانکرد. هەوڵی سەرەتایی و بنچینەیی بۆ هەنگاوەکانی (شاتۆبێریان و مۆدام دی ئیستاڵ) دەگەڕێتەوە، بە تایبەتی مۆدام دو ئیستاڵ، ئەم نووسەرە مەزنە چەمکی رۆمانتیکی لە ژێر کاریگەریی شلیگێڵدا وەک چەمکێکی ئەدەبیی هاوچەرخ لە فەڕەنسەدا بەکاربردووە. رابەرانی ئەدەبیاتی رۆمانتیکی فەڕەنسی بریتین لە: ڤۆڵتێر (١٦٩٤-١٧٧٨)، ژان ژاک رۆسۆ، شاتۆ بێریان (١٦٩٤-١٨٤٨)، ڤیکتۆر هۆگۆ، بۆدلێر، دی لامارتین، ئەلفرێد دی مۆسییە، ژۆرژ ساند. لە سەردەمی دەسەڵاتی دیکتاتۆرانەی ناپلیۆن، رۆمانسیزمی فەڕەنسی بەرەو کزی دەڕوات. دوای رووخانی ناپلیۆن، رۆمانتیکی فەڕەنسی دووبارە گەشایەوە و لە ساڵانی نێوان ١٨٢٨ تاکو ١٨٤٢ لە بەرزترین ئاستدا بوو.

سێیەم: قوتابخانەی بەریتانی:
قوتابخانەی بەریتانی بەسەر دوو نەوەدا دابەش دەبێ. (وێردزۆرس و کۆلیریدج) سەر بە نەوەی یەکەمی ئەم ڕێبازەن لە بەریتانیا و شێوازەکەیان بە قوتابخانەی دەریاچە ناسراوە. (بایرۆن، شیللی و کیتس) سەربە نەوەی دووەمی ڕێبازی ڕۆمانسیزمی بەریتانین. جگە لەمانە تۆماس گرای، ویلیەم بلەیک، ڕۆبێرت بورنس و ڤاڵتەر سکۆت بە ڕابەرانی ئەدەبی ڕۆمانسیزمی بەریتانی دادەنرێن.

## • ڕۆمانسیزم لە ئەدەبی کوردیدا

ئەدەبی ڕۆمانتیکی کوردی هەر لەخۆوە بەدینەهاتووە، بەڵکۆ کۆمەڵێک هۆکاری وەکو هۆکاری کۆمەڵایەتی، کولتووری، سیاسی، جوگرافی وەکو پاڵنەر کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەبووە لە دەرکەوتنی ئەم چەشنە لە ئەدەبی کوردییدا. جۆگرافیای کوردستان و دیمەنە جوان و سەرنجڕاکێشەکانی پاڵیان بە ئەدیبی کوردەوە ناوە تاکو لە باوەشی سروشتدا بیر لە ئەفراندنی بێ وێنەی ئەدەبی بکاتەوە. هەروەها بارودۆخی سیاسی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە شێوەیەکی گشتی و بارودۆخی سیاسی ناوخۆیی کوردستان بەتایبەتی کاریگەری تەواویان لەسەر ئەدیبانی ئەم قۆناغەی ئەدەبیاتی کوردیدا کردوە. دەرکەوتنی چاپ و چاپەمەنی لە کوردستان و لەدایکبوونی ڕۆژنامەگەریی کوردی و دیاردەی وەرگێڕان و ئاشنابوون بە ئەدەبیاتی جیهانی، کاری کردە سەر هزر و جیهانبینی ئەدیبانی کورد. ئەمەش بووە هۆکارێک تاکو بیری ڕۆمانتیکییەت و ئەزموونی نوێی ئەدەبی بەرەو کوردستان بگوازرێتەوە. بۆیە دەتوانین هۆکارەکانی تازەبوونەوەی ئەدەبی کوردی لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورت بکەینەوە:

١- تازەبوونەوەی ئەدەبیاتی تورکیی لە ژێر کاریگەری ئەدەبیاتی ئەورووپی و دواجار دەرکەوتنی کۆمەڵە گۆڤارێکی ئەدەبی لە تورکیا وەکو (سەروەت و فنون) و (ئودەبای فەجری ئاتی) کە ئەم تەوژمە نوێیەی ئەدەبیات لەسەر دەستی کۆمەڵە ئەدیبێکی وەکو (تۆفیق فیکرەت، نامیق کەمال، جەلال ساهیر، عبدولحەق حامید و...هتد) بەرەوپێشەوە دەچوو. کۆمەڵە ئەدیب و ڕۆشنبیرێکی کوردیش وەکو پیرەمێرد و زێوەر بەر کاریگەری ئەم تەوژمە ئەدەبییە لە ئەستەمبۆل کەوتن.

٢- گەڕانەوەی ئەو ئەدیب و ڕۆشنبیرانەی کورد کە لەسەردەمی عوسمانییەکان و دوای شەڕی یەکەمی جیهانی لە ئەستەمبۆل دەژیان. بۆ

نمونە پیرەمێرد پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ ئەدیبانی نوێخوازی تورکیادا بەستبوو و بەتەواوی لە جەوهەری ئەم تەوژمە تازەگەرییە تێگەیشتبوو و ئەزموونی ئەم قۆناغە نوێ ئەدەبییەی بۆ کوردستان گواستەوە.

٣- بارودۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری کوردستان دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و پەیماننامەی سیڤەر و لۆزان، گۆڕانی فیکری و رۆشنبیریی و هۆشیاریی کۆمەڵگەی کوردیی و داواکردنی مافی نەتەوایەتی و دەوڵەت و حوکمڕانی کوردیی لە کوردستانی بەدوای خۆیدا هێنا و بەمجۆرە بابەتی نووسینی ئەدەبی و خواستی رۆشنبیران و جیهانبینی ئەدیبان گۆڕانی بەسەرداهات و دواجار رێگەی بۆ تازەگەریی لە ئەدەبی کوردیدا هەموارکرد.

فۆلکلۆر

بێگومان ئەدەبی فولکلۆری کوردی وەکو هەگبەیەکی پڕ و ساماندار لەلایەن میللەتی کورد بایەخی زۆری پێدراوە و کۆمەڵە شاعیرێکی وەکو پیرەمێرد، گۆران و ئەوانی تر ئەدەبی فۆلکلۆر بە سەرچاوەی ئیلهام و دەربڕین و بەهرەی شاعیرانەی خۆیان هەڵدەبژێرن. هەر لە رێگەی ئەم سەرچاوەیە کە زمانی نەتەوەیی رێگەی بۆ هەموار دەکرێت و لە کایەی ئەدەب و نووسیندا بایەخی زۆرتری پێدەدرێ. رۆشنبیرانی ئەوسای کورد کە بەزۆری لە ئەستەمبوڵ دادەنیشتن لە رێگەی ئەدەبی هاوچەرخی تورکییەوە کە بەر کاریگەری ئەدەبیاتی رۆمانسیزمی ئەورووپی کەوتبوو رەوتێکی نوێیان لە ئەدەبی کوردیدا بەدیهێنا. کۆمەڵە رۆشنبیر و ئەدیبێکی وەکو (ئەمین فەیزی، محەمەد ئەمین زەکی بەگ، شێخ نووری، پیرەمێرد و ...هتد) لە ژێر کاریگەری دەرکەوتەی کۆمەڵایەتی و سیاسی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی، بڕیارياندا ئەزموونی نوێی ئەدەبی بۆ کوردستان بگوازنەوە.

- **بنەماکانی رۆمانتیکیی لە ئەدەبی کوردیدا**

دەرکەوتنی ئەدەبیاتی رۆمانتیک لە ئەدەبی کوردیدا خۆی لە سەر بنەمای دوو رەهەندی فۆرم و ناوەڕۆکدا بەرجەستە دەکات. فۆرم یان شێوە بریتییە لەو قاڵبەی کە بەهۆیەوە ناوەڕۆک ئاراستە دەکرێ. کەواتە فۆرم و ناوەڕۆک لە ئەدەبدا بەیەکەوە گرێ دراون. وشە، رستە، زمان، ئامرازی گەیاندنن و لە رێگەی ئەمانەوەیە کە بیر و خەیاڵ شێوە وەردەگرن کە لە رێگەی بیستن و بینین درکیان پێدەکرێ. لە ئەدەبی رۆمانسیزمدا زمان و شێوەی دەربڕین

تایبەتمەندی خۆی هەیە و لەم ڕێبازە ئەدەبییەدا هەوڵی هەڵوەشاندنەوە و هەڵتەکاندنی شێوازە کۆنەکان دەدرێ.
قاڵبی هەڵبەست لە ئەدەبی کۆنی کوردیدا بەزۆری بریتیبوون لە قەسیدە، غەزەل، پێنج خشتەکی، چوارین، تەرکیببەند، تەرجیعبەند و ...هتد، کە لە ڕێگەیانەوە ئەدیبی کۆن بیر و هزرەکانی خۆیان ئاراستە دەکرد. لەکاتێکدا بیر و هزر و خەیاڵی نوێی ڕۆمانتیکیی، قاڵب و شێوەی تازەی گەرەگ بوو، بۆیە لە هەڵبەستی نوێی کوردیدا ژمارەی دێرە شیعرییەکان و کورتی و درێژییان پابەندی خەیاڵ و هەست و سۆزیی شاعیرانە بوو. واتا شاعیر لە داڕشتنی دەربڕین و ماناکاندا سەربەست بوو. لەلایەکی تریشەوە کێشی خۆماڵی کە بە کێشی پەنجەیی ناسراوە و کێشێکی کۆن و فۆلکلۆریی کوردییە، جێگەی کێشی عەرووزی عەرەبی گرتەوە.
بابەت یان ناوەڕۆکی شیعریی ڕۆمانتیکیی لە ئەدەبی کوردیدا خۆی لە یەکێتی شیعردا دەبینێتەوە و پابەندی بنیاتی بابەتی شیعرە. هیچ پارچە یان بەش و کەرتێکی شیعریی ڕۆمانتیک بە تەنیایی ناتوانێ پیشاندەری بیر و خەیاڵی شاعیر بێ، بەڵکو ئەم ئامانجە لە گشت وشە و ڕستەکانی پێکهێنەری شیعرەکە دەستەبەر دەکرێ. بۆیە دەبێ بڵێین لە ئەدەبی ڕۆمانسیزمدا یەکێتی بابەت بەسەر سەرجەم شیعرەکەدا دابەشکراوە، لەکاتێکدا لە ئەدەبی کۆندا هەرکام لە دێرە شیعرییەکان هەڵگری مانایەکی سەربەخۆ بوون و دەتوانرا دێرە شیعرییەکان پاش و پێش بکرێن. کەواتە لە شیعری ڕۆمانتیکدا مانا بەسەر گشت پارچە شیعرەکەدا دابەش بووە.

شیعریی ڕۆمانتیکیی لەسەر بنەمای سێ بنچینە بنیات دەنرێ کە بریتین لە: وشەی تازە، مانای تازە، ئاوازە. ئەم سێ کۆڵەکەیەش هۆکاریی سەرەکین بۆ دەرکەوتنی فۆرم و ناوەڕۆکی نوێ و لەدایکبوونی ئەدەبی هاوچەرخی کوردی، بۆیە ئەدەبی ڕۆمانتیکیی بە دەسپێکی ئەدەبی هاوچەرخی کوردی دادەنرێ.

ناوەڕۆک

پێشتر ئاماژە بەوە درا کە فۆرم و ناوەڕۆک بەیەکەوە گرێ دراون. مەبەست لە ناوەڕۆک ئەو بیر و هەست و سۆز و خەیاڵ و مانا و مەبەست و تاقیکردنەوە و وێنە هونەرییانەن کە لە چوارچێوەی فۆرمێکدا نوێنراون. ناوەڕۆک گیان و جەوهەری بەرهەمی ئەدەبی و فۆرمیش سیما و جەستەی بەرهەمی ئەدەبییە.

له ئەدەبی ڕۆمانسیزمی کوردیدا ئیتر جێگەی پیاهەڵدان و ستایشکردنی وەزیر و میر و فەرمانڕەواکان نابێتەوە. وەسفی ئافرەت بە شێوە کۆنەکەی رەتدەکرێتەوە و جیهان بە شێوەیەکی بێ کەموکوڕی و ئایدیالانە وێناناکرێ. ئازار و غەم و خواستە دەروونییەکانی تاک و نەهامەتی میللەت و دواکەوتوویی و ستەمکاری و زۆرداری میر و بەگ و ئاغا و شێخەکان و ئافەتی نەخوێندەواری و ...هتد دەبنە بابەت و ناوەڕۆکی ئەدەب. شاعیر و ئەدیبی ڕۆمانتیکی کوردی لە هەڵبژاردنی بابەتەکانیاندا سەربەست بوون، ئەو شتانەیان دەنووسی کە خۆیان لە رێگەی هەست و سۆز و ئەندێشە و خەیاڵەکانیان هەستیان پێدەکرد و لێیدەڕامان. ئەم ئەدەبە یەکجار خودییە و لە گۆڕەپانی دەرووندا کار دەکات و باسی جوانی و ناشرینی، خۆشی و ناخۆشی، وشیاریی و بێئاگایی دەکات.

له ناوەڕۆکدا گرنگی بە مێژووی نەتەوەیی و سەربەخۆیی و خۆشەویستی نیشتمان دەدرێ. بایەخ بە زمانی نەتەوەیی دەدرێ و لە رێگەی زمانی نەتەوەیی هەوڵی بزواندنی هەستی نەتەوەیی و دەستەبەرکردنی ئامانجە نەتەوەییەکان و گەیشتن بە سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردی دەدرێ. بۆیە دەبێنین ناوەڕۆکی شیعریی ڕۆمانتیکی کوردی پڕییێتی لە نیشتمانپەروەری و هەستی نەتەوایەتی.

لەگەڵ دەرکەوتنی سیماکانی تازەگەری لە ئەدەبی کوردیدا دەبێنین ئاراستەی ئەدەبیات بەرەو گرنگیدان بە بەها کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و نەتەوایەتییەکان گۆڕا و گۆڕانی ئاراستەی ئەدەبیات گۆڕانی فۆرم و ناوەڕۆکی ئەدەبیاتی لێکەوتەوە کە دەکرێ لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورت بکرێتەوە:

١- پێرەوکردنی جۆرە کێشێکی تایبەت کە بە کێشی پەنجەیی ناسراوە و رەگ و ریشەکەی بۆ ئەدەبی نەتەوەیی کوردی دەگەڕێتەوە.

٢- هەڵوەشاندنەوەی سەروابەندی کە تایبەت بە ئەدەبی کۆن بوو. لەگەڵ دەرکەوتنی ڕۆمانتیکییەت لە ئەدەبی کوردیدا ئیتر شاعیر سەربەست بوو لە چۆنییەتی داڕشتنی ماناکاندا.

٣- هەمو رستە و دێرە شیعرێک لە ئەدەبی نوێدا بەیەکەوە گرێدراون و تەواوکەری یەکترین. مانای شیعر بەسەر سەرجەم شیعرەکەدا دابەشکراوە.

٤- زمانی شیعریی لە وشەی بێگانە دادەماڵدرێ، وشەی تازە لە هەنبانەی زمانی رەسەن و پاراوی کوردی دەردەهێنرێن.

٥- بابەت و ناوەڕۆکی سەردەمیانە و نوێ باو دەخزێنرێتە ناو ئەدەب وەکو بابەتی نیشتمانپەروەری و مافی تاکێتی، گشتگیریی خوێندن و خوێندەواری، دژایەتیکردنی کۆنەپەرستی و هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی ئاغا و شێخ و میرایەتی...هتد.

نمونەی شیعریی رۆمانتیکی کوردی:

1- خود و ئەزموونی کەسی:

شێخ نووری لە شێعرێکیدا ئەزموونی کەسی خۆی بە سیفاتی شەو دەبەستێتەوە و دەڵێ:

خۆت بپارێزە لە ئاهی دڵ بریندارانی شەو
نەک خوداناکردە گیرابێ، دوعای ناڵانی شەو
یاوەرویار و ئەنیسم، ئاهو ئەشکی حەسرەتە
ئافەرین ئەی باڕەکەڵڵا، دیدەیی گریانی شەو
ئەشکی حەسرەت، لازمی جەمعی سیەهبەختانە هەر
شەونمی سوبحە، دەلیلی قەترەیی موژگانی شەو
دڵ ئەبێتە قەترەیێ خوێن و لە دیدەم سەر ئەکا
هەرکە رابوورێ بەدڵما سوحبەتی جارانی شەو
مونتەهای ئەم زوڵمەتی هیجرانە، رۆژی وەسڵ ئەبێ
ئاخری نووری شەفەق ئەڕژێ هەر، لە دامانی شەو
(نووری) لەم پێچ و خەمی زوڵفە نەجاتت زەحمەتە
لای سەخی تەبعان مەحاڵە، روخسەتی میوانی شەو

2- خود و نیشتمان:

فایەق بێکەس لە شیعرێکدا پێکەوە گرێدانی خودی خۆی و نیشتمانەکەی دەخاتە چێووەی شیعرێکی رۆمانتیکیی و دەڵێ:

ئەی وەتەن بۆ خزمەتت دائیم لە رێتا حازرم
باوەڕت بێ من لە زومرەی لاوەکانت نادرم
گەر لەسەر تۆ بێتو تووشی سەد بەڵابم سابیرم
خوا ئەزانێ چەند لە عاستی تۆ کە پاک و تاهیرم

3- خود و پاییز

مامۆستا گۆران لە شیعرێکدا خۆی ئاوێتەی پاییز کردووە و لێکجیاکردنەوەیان ئاستەمە. ئەم شیعرەی گۆران لوتکەی رۆمانسیزمی کوردی بەرجەستە دەکات:

پاییز! پاییز!
بووکی پرچ زەرد،
من مات، تۆ زیز:
هەر دوو هاودەرد!
من فرمێسکم، تۆ بارانت،
من هەناسەم، تۆ بای ساردت،
من خەم، تۆ هەوری گریانت...
دوایی نایە: دادم، دادت،
هەرگیز، هەرگیز،
پاییز! پاییز!
پاییز! پاییز!
شان و مل رووت،
من مات، تۆ زیز،
هەر دووکمان جووت
هەر چەند گوڵ سیس ئەبێ بگرین،
ئاڵتوونی دار ئەڕزێ بگرین،
پۆلی باڵدار ئەفڕێ بگرین،
بگرین.. بگرین.. چاومان نەسڕین،
هەرگیز، هەرگیز،
پاییز! پاییز!

4- خود و تەنیایی

ئازار و ناخۆشی و نەهامەتییەکانی ژیان بەشێکن لە چارەنووسی شاعیرانی رۆمانسیزم. ئەحمەد هەردی لە شیعرێکدا بەمجۆرە تەنیایی و ئازارەکانی خۆی بەرجەستە دەکات:

وێڵم و تاریکە دەورم، فەڕشی رێگەم مەینەتە
بێ کەسم، تەنیا ئەناڵم، مەرگی خۆمم عەزرەتە
سازی ئاهەنگی شەوانم، سۆزی جەرگی لەت لەتە

یاوەر و یاری ئەنیسم، ئاهو ئەشکی حەسرەتە
ئافەرین ئەی باڕەکەڵڵا، دیدەیی گریانی شەو

5- خود و ترس و دڵەڕاوکێ و چاوەڕوانی
دیسان ئەحمەد هەردی دەڵێ:
هەموو رۆژێ لەبەر سەیری بتی ئەو بەژن و باڵایە
لەسەر رێیدا ئەوەستم من، هەتاکو ئاوی پێم دایە
بەڵێ! کاتێ کە ئەو دەرکەوت، ئیتر من بێ سەر و شوێنم
بەتیشکی خۆری جوانیی ئەو، بەجارێ قوڵپ ئەدا خوێنم

6- گەڕانەوە بۆ ئەدەبی فۆلکلۆر
پیرەمێرد دەڵێ:
کاولەکەی وەتەن هێندە شیرینە
ژاری دوپشکی عەربەت هەنگوینە

هەروەها دەڵێ:
کە خۆت خودبین و بۆ خەڵک بەدبین بی
نابێ لەدوایی رۆژت ئەمین بی

7- جوانیی سروشت
گۆران دەڵێ:
کانییەکی روونی بەر تریفەی مانگە شەو
لە بنیا بلەرزێ مرواری زیخ و چەو
جوانترە لەلای من لە دەریای بێ سنوور
شەپۆل باتە بەر تیژگی رۆژ شڵپ و هوور

8- جوانی ئافرەت
گۆران دەڵێ:
کام رەشی ئەگا بە رەشی چاوی؟
برژانگی، برۆی، ئەگریجەی خاوی
کام بەرزی جوانە وەک بەرزی باڵای
کام تیشک ئەگاتە تیشکی نێو نیگای
کام تاسە کام مەیل کام چاوەڕوانی

تەلیسماوییە وەک هی دڵداری؟

9- خەیاڵ، سروشت، ئاوات، جوانیی، ئافرەت
ئەحمەد هەردی دەڵێ:
فاتیمە! دوو چاوی مەستت، پڕ تەلیسمی جوانییە
پڕ شەرابی خۆشەویستی و عارەقی یەزدانییە
بەژن و باڵاکەت نموونەی هەیکەلی یۆنانییە
لارولەنجەت مۆسیقاپە، بەستەیە گۆرانییە
بووکی رازاوەی خەیاڵم، گیانەکەم ست فاتیمە
تاقە پرشنگێکی چاوت ئەوپەڕی ئاواتمە

گۆران دەڵی:
جادە چۆل و سێبەر بوو کاتی بەیانی
ئەڕۆیشتم خەیاڵاوی ئەمڕوانی
بۆ سەوزایی دەوروپشتم بۆ ئاسمان
بۆ شاخی بەرز، خانووی تازە، دنیای جوان
ئەڕۆیشتم بە ئەسپایی کش و مات
لاشە سست و دڵ کەیلی تاسە و ئاوات
لە پڕ نازانم چۆن سەرم هەڵبڕی
بەرامبەرم بەژنێک دەرکەوت وەک پەری

10- خەون
حەسیب قەرەداغی دەڵێ:
من مەلێکی لانەوازم، وێڵی دوای هێلانەمم
من نمەی بارانی ئەودیو، شووشەکەی وێرانەمم
من غەریبم خۆم ئەزانم، ئەم ژیانە لایە لێم
تۆ نەبی، ئەی خەونی مەستم، کێ ئەزانێ روو لە کوێم

11- خەم و پاییز
دیلان دەڵێ:
پاییز خەزانی تەماوی و مەنگە
گەڵا لق و پۆپ غونچە بە ژەنگە
ئاسمان نە شینە نە پیرۆزەیی

نه شەو جریوەی ئەستێرەی شەنگە
12- ئازادپی و گیانفیدایی
گۆران دەڵێ:
بڵێ بەو بووکی تازەی یەک شەوەم گەر هاتە سەر نەعشم
نەڵێ خۆی بۆ وەتەن کوشت و لەڕێی عەشقی منا نەژیا
وەزیفەم بوو لە پێناوی وڵاتێکا سەرم بەخشم
کە تۆی پەروەردەکرد بۆ من لە دامێنی چیا و کەژیا
ئەگەر خوای گەورە بەشی پێت هەتیوێ، پێی بڵێ رۆڵە
لە من فرمێسکی ویست باوکت، لە تۆش داوا دەکات تۆڵە

و...........

- **ریالیزم**

لە ساڵی ١٨١٥ تاکو ١٨٥٠ کۆمەڵە فەیلەسووف، کۆمەڵناس و مێژوونووسێک بە دەوری نووسەرانی رۆمانتیکدا گردببوونەوە و لەگەڵ ئەوەشدا کە دانیان بە رۆمانسیزمەکاندا دەنا، بەڵام هەندێجار بۆچوون و تێروانینەکانیان بەتەواوی دژی تێروانینی رۆمانتیکەکان بوون. ئەمەش لە ماوەی ئەم سێ چوار دەیەدا بووە هۆکارێک کە نووسەرانی سەربە رێبازی رۆمانسیزم وردەوردە لەم قوتابخانە ئەدەبییە دوور بکەونەوە و لێی دابڕێن. بە چەشنێک لە دەیەی ١٨٤٠ چەشنێکی تری ئەدەبی لە ناو هەناوی بەرهەمی ئەدیبانەوە خۆی دەنواند کە هیچ جۆرە تایبەتمەندییەکی رۆمانتیکانەی پێوە دیارنەبوو. لێرەوە بوو کە ناسنامەی جۆرێکی تری ئەدەبی بەدیار کەوت کە دواتر بە ئەدەبیاتی ریالیزمی ناسرا.

لەم قۆناغەدا (ئۆنرێ دێ بەلزاک ١٧٩٩-١٨٥٠) بە نووسینی کۆمەڵە بەرهەمێکی بەناوی (کۆمیدیای مرۆیی) هەنگاوێکی نوێی لە جیهانی ئەدەبدا هەڵبڕی و لەگەڵ ئەوەشدا کە مەبەستی نەبوو قوتابخانەیەکی ئەدەبی دامەزرێنێ و تیۆردانەریش نەبوو، بەڵام بە پێشەوای نووسەرانی سەر بە رێبازی ریالیزم دادەنرێ. بەلزاک و کۆمەڵە نووسەرێکی تری وەکو ئەو، لە چوارچێوەی هەمان ئەو کۆمەڵگە و هەلومەرجە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییانەدا دەژیان کە رۆمانسیزمەکان تێیدا دەژیان؛ بەڵام ئەوەی بەلزاک و هاوڕێکانی لە رۆمانسیزمییەکان جیادەکردەوە ئەوە بوو کە لە جیاتی ئەوەی خۆیان بە خەم و خەیاڵ بسپێرن و دوچاری نەخۆشی دەروونی ببن و پەنا بۆ گۆشەگیری بەرن و لە سەردەمی ئێستا و لە کۆمەڵگەکەیان رابکەن و بۆ سەدەکانی ناوەڕاست بگەڕێنەوە، هەوڵیاندەدا کۆمەڵگەکەیان بەسەرجەم کەرەسە پێکهێنەرەکانی و بەسەرجەم تایبەتمەندیی و نهێنی و باشی و خراپی و خووڕەوشتەکانی لە چێوەی بەرهەمەکانیان بدەن.

لە ساڵی ١٨٤٠دا بەلزاک لە بەرهەمێکیدا بەناوی (دیمەنەکانی ژیانێکی تایبەتی) ئاماژە بەوە دەکات کە ئیتر رۆمانسیزم کۆن و کلۆر بووە و رایگەیاند کە ئەرکی رۆمانووس

لەم سەردەمەدا ئەوەیە کە دەبێ شرۆڤەی کۆمەڵگەی خۆی بکات و کەسێتییە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگە بەرجەستە بکات و دەڵێ ئەرکی نووسەر و مێژوونووس زۆر لێکتری نزیک و هاوشێوەیە و لە راستیدا نووسەر (مێژوونووسی دابونەریت و خورەوشتی خەڵک و کۆمەڵگەکەیەتی. نووسەر وەکو شێوەکارێک وێنای رۆحی تاکی ناو کۆمەڵگە جیاواز و چینە جیاوازەکان دەکات.

بەپێی بەڵگە مێژووییەکان ململانێی ریالیزم و رۆمانسیزم سەرەتا لە گۆرەپانی ئەدەبدا روویندداوە. بەواتایەکی تر رووبەڕووبوونەوەی ریالیزم و رۆمانسیزم وەکو دوو جەمسەر و رێبازی دژبەیەک سەرەتا لەدەرەوەی ئەدەبدا روویدا. گۆرەپانی ململانێی نێوان ئەم دوو رێبازە سەرەتا لە بواری شێوەکاری بوو. پێشەوای ریالیزم لە شێوەکاریدا (گۆستاڤ کۆربە ١٨١٩-١٨٧٧) بوو. کۆربە کە بەرهەمەکانی خۆی لە پێشەنگای رۆمانسیزمییەکاندا پێشکەش دەکرد، لەلایەن لایەنگرانی رۆمانتیک گاڵتەی پێدەکرا. هەربۆیە کۆربە پێشەنگایەکی تایبەت بە خۆی کردەوە و بەمجۆرە رووبەڕووی نەیارانی بوویەوە. ئەم ململانێیە بۆ ماوەی دوو ساڵ لە ١٨٤٨ تاکو ١٨٥٠ بەردەوام بوو و لە کۆتادا ئەوە کۆربە بوو کە بە سەر نەیارانیدا سەرکەوت و توانی سەرنجی رای گشتی بۆ لای خۆی رابکێشێ. ئەم سەرکەوتنە لە مەیدانی ئەدەبیشدا کاریگەری خۆی هەبوو و رێگەی بۆ نووسەرە ریالیستەکان هەموار کرد.

## رێبازی ریالیزم

فەرەنسا جارێکی تر دەبێتە مەڵبەندی لەدایکبوونی رێبازێکی تری ئەدەبی کە بە رێبازی ریالیزم ناسراوە. دامەزرێنەرانی راستەقینەی رێبازی ریالیزم لە راستیدا نووسەرە مەزنەکان نەبوون، بەڵکو کۆمەڵە نووسەرێکی ئاست مامناوەند کە زۆر بەناوبانگ نەبوون بنەما و رێساکانی رێبازی ریالیزمیان بنیات نا. ئەم نووسەرانە بریتیبوون لە: شانفلۆری، مورژێ و دۆرانتی.

لە ساڵی ١٨٤٣ بۆ یەکەمینجار یاسا و بنەماکانی رێبازی ریالیزم لەلایەن شانفلۆری دەسنیشانکران. ئەم نووسەرە لە (مانیفێستی ریالیزم)دا دەنووسێ: (زاراوەی ریالیزم بە منەوە گرێدراوە.) شانفلۆری ئەو ئەدیب و ئەدەبەی کە خۆی بەدەست ئیرادەی خەیاڵەوە سپاردووە، رەتدەکاتەوە و رەخنەی توند ئاراستەی شاعیر و رۆمانووسانی رۆمانسیزم دەکات. لە ساڵی ١٨٥٢ بە شێوەیەکی پتەوتر تێڕوانینەکانی خستەڕوو و گووتی رۆمانووس بەر لە نووسین دەبێ بارودۆخی دەرەکی تاکەکانی ناو کۆمەڵگە شرۆڤە بکات، بەوردی سەرنجی خوورەوشت و دابونەریتیان بدات و ئینجا بە شێوازێکی رێکوپێک لە بەرهەمەکەیدا وەکو کارەکتەر رۆڵیان پێبسپێرێ.

شانفلۆری کۆمەڵە وتارێکی رەخنەیی بەژێر ناونیشانی (ریالیزم)دا بڵاوکردەوە. دۆرانتی هاورێ و هاورای شانفلۆری ژیانی خەڵکی ئاسایی و خورەوشت و کردەوە و نەریتەکانی خەڵکی وەکو کەرەسەی ئەدەبی خستە خزمەت ئەدەب و هونەر و بەرهەمی ئەدەبی لەسەر بنەمای رووداوە واقعییەکان بنیات دەنا. دۆرانتیش گۆڤارێکی بەناوی (ریالیزم) دەردەکرد. ئەم گۆڤارە تەنیا پێنج مانگ بەردەوامبوو و دواجار داخرا، بەڵام ئەم داخرانە نەبووە هۆی وەستانی شۆرشی ریالیستەکان و دۆرانتی لە وتارێکیدا کە بە بۆنەی داخستنی گۆڤارەکەی نووسیبووی، دەڵێ: (ریالیزم مرد، هەر بژی ریالیزم!).

شانفلۆری و دۆرانتی هاوکات لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵە یاسا و ڕێسایەکیان بۆ ریالیزم دەسنیشانکرد و تیۆرەکانی ئەم ڕێبازەیان داڕشت، بیریان لەوە کردەوە بەرهەمی ریالیستیش بڵاوبکەنەوە و کۆمەڵە ڕۆمانێکیان نووسی، بەڵام هیچکام لەم ڕۆمانانە ناوبانگیان دەرنەکرد. بەتایبەتی شانفلۆری حەزی دەکرد جێگەی بەلزاک بگرێتەوە، بەڵام نەیتوانی. لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم دوو نووسەرە لە رووی ئاستی ئەدەبییەوە نووسەری پلە یەک نەبوون، بەڵام بوونی هەر دووکیان کاریگەری هەبوو لەسەر گەشە و پێشکەوتنی بزاڤی ئەدەبی ئەم قۆناغە کە ریالیزمە.

## ڕۆمان

راستە لە ڕێبازی ڕۆمانسیزمدا کۆمەڵێک ڕۆمانووسی مەزن وەکو ساند، ئیستاندال و...هتد دەرکەوتن، بەڵام ڕۆمان وەکو ژانرێکی ئەدەبی نەیتوانی لەم قۆناغەدا جێگەی شیعر بگرێتەوە. بۆیە ململانێی سەرەکی نێوان ریالیزم و ڕۆمانسیزم لە بواری ڕۆماندا هاتە ئاراوە. جۆری زاڵی ئەدەبی لە سەردەمی ڕۆمانسیزمدا شیعر بوو؛ ئەگەرچی گرنگییەکی زۆر بە ڕۆمانیش دەدرا، بەڵام ڕۆمان ئەو بەختەی نەبوو ببێتە جۆری زاڵی ئەدەبی لە چوارچێوەی ئەم ڕێبازەدا و دواجار زاڵبوونی ڕۆمان لە چوارچێوەی ڕێبازی ریالیزمدا یەکلایی بوویەوە. ڕۆمانی ڕۆمانسیزم پتر بە جیهانی شیعرەوە بەستراوەتەوە، چونکە پڕیەتی لە خەیاڵ و سۆز.

تایبەتمەندییەکانی ڕێبازی ریالیزم

١- تێڕوانینێکی گشتیی بۆ جیهان و مرۆڤ هەیە. هەردوو لایەنی خودی و بابەتی بە سەرجەم ڕەهەندە باش و خراپەکانی دەکرێنە مادەی ئەدەب، بۆیە فرەچەشنی لە بابەتدا پەرەو دەکات.

٢- ژیانی تاک کاریگەرە بە ژینگە و دەورووبەر، واتا ژینگە و دەورووبەر کاریگەرییان لەسەر پێکهاتەی کەسێتی تاک دەبێ.

٣- پاڵەوان لە ڕێبازی ریالیزمدا کارەکتەرێکی واقیعی ناو کۆمەڵگەیە کە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ژینگە و دەورووبەر کار دەکەنە سەر شێوازی هەڵسوکەوت و بیر و ئەندێشەکانی، بۆیە پاڵەوانی ریالیزم بەردەوام لە پەرەسەندن دایە. بەپێچەوانەی کلاسیزم و ڕۆمانسیزم کە پاڵەوانێکی ئامادەکراو پێشکەش دەکەن.

٤- جیهان لە ئەدەبی ریالیزمدا خاوەن بوونی بابەتی و واقیعیانەیە و هاوکات ئەم بوونە واقیعییە لە ڕێگەی کەرەسەی ئەدەبییەوە لەلایەن ڕێبازی ریالیزم تاوتوێ دەکرێ و رادەی کاردانەوەی ئەم هەڵسەنگاندنەش بە سەر کۆمەڵگەدا دەسنیشان دەکات. ئەویش بە چاوێکی واقیعییانە نەک لە ڕێگەی خەیاڵەوە.

٥- ڕەگەزی سەرەکی لە ئەدەبی ریالیزمیدا بریتییە لە پەخشان، لەم ناوەندەدا ژانری ڕۆمان گەشە دەکات. لەمجۆرە ئەدەبییەدا گرنگی بە شیعر نەدەدرا و چیرۆک، دراما و ڕۆمان بایەخیان پێدرا.

٦- زمانی ئەدەبی ڕێبازی ریالیزمی، زمانێکی سادە، ڕەوان و پاراو بوو، بە مەبەستی ئەوەی بە روون و ئاشکرایی گوزارشت لە واقیع بکەن.

## پاڵەوان و بابەت لە بەرهەمی ریالیزمیدا

نووسەری ریالیزم هەرگیز خۆی بەوەوە پابەند ناکات کە تاکێکی دیار و نائاسایی و یان سەرسووڕهێنەر بە پاڵەوانی بەرهەمەکەی هەڵبژێرێ کە لەگەڵ کەسانی ئاسایی ناو کۆمەڵگەدا جیاواز بێ. پاڵەوانەکەی لە خەڵک و لە هەر ژینگەیەک کە بخوازێ هەڵدەبژێرێ. ئەم کەسە دەشێ نمونەی دیار و کاریگەری پۆلێکی دیاری ناو کۆمەڵگە بێ، بەڵام کەسێکی دیار و نائاسایی نەبێ. بۆ نمونە کاتێک نووسەری ریالیزمی دەیەوێ شەڕ بە بابەتی بەرهەمەکەی هەڵبژێرێ گومان لەوەدا نییە کە لەکاتی هەڵبژاردنی پاڵەوان، ئەفسەرێکی کەرت یان سەربازێکی ئاسایی لە فەرماندەی سوپا بە ئەهوەن تر دادەنێ، چونکە ئەم سەربازە پتر لە فەرماندەکە لە روداوەکانی ناو گۆڕەپانی شەڕ نزیکترە و کاریگەری ئەم ژینگەیە بەسەر ئەودا زیاترە. هەر لەبەر ئەوەیە کە ریالیزمییەکان گرنگییەکی زیاتر بە کەسە بچووک و کەم بایەخەکان دەدەن.

سەبارەت بە بابەتیش نووسەری ریالیزمی هەرگیز خۆی ناچار ناکات وەکو رۆمانتیکەکان بەزۆری عەشق بە بابەتی رۆمان هەڵبژێرێ، چونکە بە باوەڕی نووسەری ریالیزمی عەشقیش دیاردەیەکە وەکو دیاردەکانی تری ناو کۆمەڵگە. یەکێتی بابەت لە بەرهەمی ئەدەبی ریالیزمیدا بوونی نییە، بەڵکو رووداوەکان کۆمەڵە رووداوێکی ئاسایی و ئاڵۆزن کە روودەدەن و نووسەری ریالیزم هەوڵدەدا بە دەسنیشانکردنی کاریگەری ژینگە و دەوروبەر و بارودۆخی دەروونی پاڵەوانەکە، ئەو پەیوەندییە سروشتیانەی لەناوبەری رووداوەکان شاردراونەتەوە ئاشکرا بکا.

## وەسفی رووداوەکان لە بەرهەمی ریالیزمی و رۆمانسیزمیدا

وەسف و ئەفراندنی دیمەن و بەرجەستەکردنی ئەو ژینگەیەی رووداوەکانی تێدا روودەدەن لە بەرهەمی رۆمانتیکی و ریالیزمیدا جیاوازن. کاتێک نووسەری رۆمانتیکی دەیەوێ وەسفی دیمەن و رووداوەکانی بەرهەمەکەی بکات، کاری بە واقیع نییە، بەڵکو دیمەنەکە بەپێی ئەو بارودۆخەی کە لە بەرهەمەکەیدا خوڵقاندوویەتی دەخاتەڕوو و هەوڵدەدات دیمەن و رووداوەکان کار بکاتە سەر دەروونی هەستیاری خوێنەر و نووسینەکەی باڵ بەسەر دەروونی ئەودا بکێشێ.

لە بەرامبەردا نووسەری ریالیزمی لە وەسفی رووداوەکان و خوڵقاندنی دیمەنەکاندا هەرگیز بیر لەم کاریگەرییە ناکاتەوە، بەڵکو بەو مەبەستە وەسفی دیمەنەکان دەکات کە بەرچاوی خوێنەر بۆ تێگەیشتن لە بارودۆخی دەروونی پاڵەوانەکان رۆشن بکاتەوە. واتا تەنیا کاتێک وەسفی رووداو و دیمەنەکان دەکات کە هەست بکات پێویستە خوێنەر بیانزانێ.

## رێبازی ریالیزم لە جیهاندا

### ریالیزم لە ئینگلتەرا

لە ساڵی ١٨٣٥ نیشانەکانی ریالیزمی سەربەخۆ لە ئەدەبیاتی ئینگلتەرا بەتایبەتی لە بواری نووسینی رۆماندا دەرکەوت. دیارترین نوێنەری ئەم قۆناغەی ئەدەبی ئینگلتەرا (چاڕلز دیکینز ١٨١٢-١٨٧٠)یە. چاڕلز دیکینز سەربە چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە بوو و

لەو چواردە رۆمانەی کە نووسیویەتی، ژیانی چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگەی بەریتانی وێناکردوە. ریالیزمی دیکینز پشتی بە مرۆڤدۆستی دەبەست. بێدەرەتان و منداڵەکان بەوپەڕی وردەکارییەوە دەبنە پاڵەوانی رۆمانەکانی ئەم ئەدیبە بەریتانییە.

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەم ریالیزمی رەشبینانە لە ژێر کاریگەری ئەدەبیاتی فەڕەنسی لەم وڵاتەدا دەرکەوت، یەکێک لە نووسەرەکانی ئەم قۆناغە (گیسینگ ١٨٥٧-١٩٠٣) بوو و دیکینزی بە رابەری خۆی دادەنا. (هێنری جیمز ١٨٤٣-١٩١٦) یەکێکی تر لە نووسەرانی ئەم قۆناغە بوو کە بە رەچەڵەک ئەمریکی بوو، بەڵام لە بەریتانیا دەژیا.

## ریالیزم لە روسیا

لە ساڵی ١٨٥٢ لە روسیا (سەربوردەکانی راوچییەک) نووسینی تۆرگینێف و (کۆرپەلە) بەرهەمی لیو تۆلستۆی بڵاوکرانەوە. لێرەوە رۆمان جێگەی شیعری گرتەوە و دواجار ئەدەبی رۆمانسیزم جێگەی خۆی بە ئەدەبی ریالیزمیدا. ریالیزمی رووسی خاوەن تایبەتمەندی خۆیەتی و بەتەواوی لە ریالیزمی فەڕەنسی جیاوازە. بۆیە ریالیزمی رووسی دابەشی سەر سێ قۆناغ کراوە:

١- ریالیزمی بەرایی
٢- ریالیزمی رەخنەیی
٣- ریالیزمی کۆمەڵایەتی

## ریالیزمی بەرایی

ریالیزمی بەرایی بە قۆناغی شکۆی ئەدەبی رووسی دادەنرێ، چونکە هەرگیز ئەدەبیاتی رووسی بە رادەی ئەم قۆناغە خاوەن نووسەری مەزن و بەرهەمی ناوازە نەبووە. لە ١٨٤٠ تاکو ١٨٨٠ کۆمەڵە شاکارێکی مەزنی ئەدەبی لە رووسیا خولقێنران کە ئەدەبیاتی ئەم وڵاتەی گەیاندە لوتکە. ریالیزمی رووسی سەرەتا بە کورتە چیرۆکی (پاڵتۆ) بەرهەمی (گوگۆل ١٨٠٩-١٨٥٢) دەست پێدەکات. یەکێکی تر لە بەرهەمەکانی ئەم کەڵە نووسەرە (گیانی مردووەکان)ە کە نیوەچڵە. نووسەرێکی تری ئەم قۆناغە (تورگینێیف ١٨١٨-١٨٨٣)ە و (چیرۆکی راوچییەکان)، (رودین) و (باوک و رۆڵەکان) لە بەرهەمە بەناوبانگەکانی ئەم نووسەرەن.

(لیون تۆلستۆی ١٨٢٨-١٩١٠) بە مەزنترین ئەدیبی قۆناغی بەرایی ئەدەبیاتی ریالیزمی رووسی دادەنرێ. رۆمانی مەزنی (شەڕ و ئاشتی) و (ئاناکارنینا) لە ریزی شاکارە ئەدەبییەکانی جیهانن. هاوکات لەگەڵ تۆلستۆی دەبێ ناوی (دۆستۆڤیسکی ١٨٢١-١٨٨١) ببرێت و کۆمەڵێک شاکاری ئەدەبی زۆر مەزنی خولقاندوە وەکو (برایانی کارامازۆف)، (جن لێدراوان).

## ریالیزمی رەخنەیی

مەکسیم گۆرکی ١٨٦٨-١٩٣٦ شێوازێکی تری لە ئەدەبی ریالیزمیدا هێنائاراوە کە بە ریالیزمی رەخنەیی ناسرا. لەم قۆناغەدا پاڵەوانانی ئەدەبی ریالیزمی پێش قۆناغ و سەردەمی خۆیان دەکەون و هەوڵدەدەن بارودۆخی ژیانی خۆیان بگۆڕن و جیهانێکی نوێ

بنیات بنێن. بەواتایەکی تر پاڵەوانەکانی بەرهەمی ریالیزمی رەخنەیی روبەڕووی بارودۆخی زاڵی سەردەمی خۆیان دەبنەوە و هەوڵدەدەن بیگۆڕن. رۆمانە بەناوبانگەکانی گۆرکی وکو (فاماگاردیێف) و (دایک) بناغە و بنچینەی ریالیزمی رەخنەییانەیان داڕشت. گۆرکی چەندین ساڵ بەرلە شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ دەستی بە نووسین کرد و نزیکەی بیست ساڵ پاش شۆڕش هەر خەریکی نووسین بوو.

## ریالیزمی کۆمەڵایەتی

ریالیزمی کۆمەڵایەتی یان ریالیزمی سۆشیالیستی لە بواری ئەدەب و هونەردا لە یەکێتی سۆفییەت و سەرجەم ئەو وڵاتانەی پێڕەویان لە سیاسەتی سۆفییەت دەکرد، بە قوتابخانەیەکی فەرمی دادەنرا. ئەم قوتابخانەیە لە میانەی یەکەمین کۆنگرەی نووسەرانی سۆفییەت کە لە ساڵی ١٩٣٤ لە مۆسکۆ بەسترا، سیمایەکی راستەقینەی وەرگرت. ریالیزمی سۆشیالیستی داوا لە نووسەران دەکات هەوڵی پەروەردەکردنی کرێکاران لەسەر بنچینەی ئایدیۆلۆجیای لینینیستی و گیانی سۆشیالیستانە بدەن. لەو کەسانەی کە لەم چەشنە ئەدەبییەی ریالیزمدا چالاکییەکی رادەبەدەریان هەبوو، دەشێ ئاماژە بە ناوی مەکسیم گۆرکی و ژێدانۆف و کاڕل راداک بدەین. لە ریالیزمی سۆشیالیستیدا سەرجەم هاونیشتمانیان پاڵەوانی سەرکین و بەشدارن لە بەرەوپێش چوونی رووداوەکان و بەدیهاتنی گۆڕانکارییەکان و بەرز و پیرۆز راگرتنی ئامانجەکانی شۆڕش.

## • رێبازی ناتۆرالیزم

لە رۆژی ١٦ی ئەبریەلی ساڵی ١٨٧٧ ئیمیل زۆلا، گۆستاڤ فلۆبەر، ئەدمۆند دۆکینگۆڕ و چەند کەسێکی تر لە شاری پاریس لە رێستورانتی (تراپ)دا بەدەوری مێزێک کۆببوونەوە و لەم ساتە وەختەدا رێبازێکی نوێی ئەدەبی بەناوی (ناتۆرالیزم)یان دامەزراند.

وشەی ناتۆرالیزم بەرلەوەی بۆ ناونانی رێبازێکی ئەدەبی پەسند بکرێ، لە مێژووی فەلسەفە و هونەردا ناسراو بووە. بۆ نمونە لە سەدەی حەفدەم ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی فەڕەنسا پێیوابوو هەموو ئەو تێڕوانینانەی کە لاساییکردنەوە لە سروشتیان بە پێویست دەزانی، تێڕوانینی ناتۆرالیزمین. ئەم زاراوەیە بەشێوەیەکی تایبەتی لە بواری هونەری شێوەکاریدا بەکار دەبرا.

لە فەلسەفەدا ناتۆرالیزم تێڕوانینی کەسانێکە کە سروشتیان وەکو بنەمای بنچینەیی بەلاوە پەسندکراوە و هەموو شتێک بۆ سروشت دەگەڕێننەوە. سروشتی ناتۆرالیزمی لە سروشتی رۆمانسیزمی جیاوازە. لە رۆمانسیزمدا دیاردەکانی سروشت بەمەبەستی ورووژاندنی خەیاڵ و هەست و سۆز لەبەرچاو دەگیران، بەڵام لە ناتۆرالیزمدا لە گۆشەنیگای هۆ و هۆکارەوە لە سروشت دەڕوانرا.

لە ناتۆرالیزمدا کێشە و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لێکۆڵینەوەی لە سەر دەکرا، بە جۆرێک هەڵسوکەوت لەگەڵ کێشە کۆمەڵایەتییەکاندا دەکرێ کە زانایەکی زیندەوەرزانی لەگەڵ سروشتدا هەڵسوکەوت دەکات.

هونەریی ریالیزمی، سەرەتایەک بۆ ناتۆرالیزم
ریالیزم ڕێگەکانی دەرکەوتنی ڕێبازی ناتۆرالیزم هەموار دەکات. بەواتایەکی تر ناتۆرالیزم لەسەر بناغەی ریالیزم بنیات دەنرێ. لە دوای ١٨٥٠ تێڕوانینەکانی شانفلۆری و تیۆرەکانی دۆرانتی کاردەکەنە سەر بنەماکانی ڕێبازی ناتۆرالیزم. دۆرانتی پشت لە ڕووداوە مێژووییەکان دکات و بارودۆخی سەردەم بە سەرجەم دەرهاویشتەکانی بە کەرەسەی ئەدەب دەزانێ. شانفلۆری هەوڵدەدات کێشە و ڕووداوەکان وەکو خۆیان وێنا بکات. دۆرانتی کە پتر تیۆردانەرە پێیوایە ئامانجی هونەر (بەسود بوون و فەلسەفی بوونە) و ڕایگەیاند ئامانجی هونەر کات بەسەر بردن نییە. شانفلۆریش پێیوایە ریالیزم قۆناغی گواستنەوەیە بەرەو هونەرێک کە لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوە بنیات دەنرێ. ناتۆرالیزمییەکان لە واقعی بووندا بە پێش ریالیزمییەکان دەکون و نووسەرانی سەربەم ڕێبازە وەکو (مێژوونووسانی سەردەم) گرنگی بە (بەڵگەبوون)ی نووسینەکانیان دەدەن و هەوڵدەدەن ئەوەی دەنووسن (ڕاستەقینە، زیندوو و تەڕوتازە) بێ.

- **فەلسەفەی ناتۆرالیزمی**

فەلسەفەی ناتۆرالیزم بریتییە لە پشکنینی وردی سروشت و مرۆڤ. لەم فەلسەفەیەدا هەوڵی شیکردنەوە و ڕاڤەی سروشت و مرۆڤ دەدرێ، لە چوارچێوەی هۆ و هۆکار لەسەر بنەمای تاقیکردنەوە و ئەزموون. لە فەلسەفەی ناتۆرالیزمدا هەوڵدەدرێ هۆکاری ڕووداوەکان ساغ بکرێنەوە و بۆیە وەکو تاقیگەیەک کار لەسەر هۆکار و دەرهاویشتەکانی ڕووداوەکان دەکرێ. هەر بەهۆی ئەم تێڕوانینەیە کە سروشت بە دەبێتە دین و باوەڕی ناتۆرالیزمییەکان و هەموو شتێکی بان سروشتی ڕەتدەکەنەوە.
لە هەمان کاتدا ئەم فەلسەفەیە خۆی بە زانست و پیشەسازی دەبەستێتەوە، بۆیە کەسێکی وەکو (سەن سیمۆن) پێیوایە سەروەت و سامان، ئاشتی و پێشکەوتن لەگەڵ خۆیدا دێنێ و ئەمەش تەنیا لە ڕێگەی زانست و پیشەسازیدا مسۆگەر دەکرێ. یەکێکی تر لە چاوگە فەلسەفییەکانی جیهانبینی ناتۆرالیزم، فەلسەفەی جوانی ناسی (شۆپنهاوەر)ە.

- **ئیمیل زۆلا**

له ئەدەبیاتدا ئیمیل زۆلا بە پێشەنگی ئەدەبی ناتۆرالیزمی دادەنرێ. زۆلا له ساڵی ١٨٥٨ له شاری (ئەکس)ەوە بەرەو پاریس دەڕوات و ژیانی ئاڵۆز و فرەرەهەندی شاری پاریس کاری تێکرد و ئەزموونی سیاسی، کۆمەڵایەت و ئابووری کۆتاییەکانی سەردەمی ئیمپراتۆرییەتی ناپیلیۆن کاریگەری لەسەر گیانی ئازادیخواز و شۆڕشگێڕانەی زۆلا دەکات. بەم چەشنە ناتۆرالیزمی زۆلا بەردەوام نیشانەی شۆڕشێکی دوالیزمی (سیاسی-ئابووری) پێوە دیارە.
ناتۆرالیزم بۆ زۆلا وەکو یاسا وابوو و هەروەک خۆی ئاماژەی پێداوە جۆرێک (ئامراز یان کەرەسەی سەردەمە) بۆ بەردەست کردنی لێکۆڵینەوە و تیۆری بیرمەندە هاوچەرخەکان بەتایبەتی شێوازە فەلسەفییەکەی (ئەوگۆست کێنێت) کە به دامەزرێنەری (فەلسەفەی لێکۆڵینەوەیی) دادەنرێ. ئەم شێوازە فەلسەفییە لەسەر دەستی (هیپۆلیت تین) بۆ ناو ئەدەب و هونەر گواستراوە.
ئەو وتارانەی زۆلا له ساڵی ١٨٦٥ بەدواوە له رۆژنامەی Salut Publique بڵاوی دەکردەوە، هەواڵی لەدایکبوونی رێبازی ناتۆرالیزمیان پێ بوو. لەم وتارانەدا زۆلا ناوی ناتۆرالیزمی وەکو قوتابخانەیەکی ئەدەبی بەکارنەهێناوە، بەڵام بە راشکاوی ئەو بنەمایانەی راگەیاند کە لەمەودوا دەیویست لە هونەرەکەیدا پێشکەشیان بکات. بەم پێیە زۆلا له ساڵانی نێوان ١٨٦٦ تاکو ١٨٨٠ تیۆرەکانی ناتۆرالیزمی دانا و له ساڵی ١٨٧٧ ئەم تیۆرانە راگەیاندنی رێبازی ئەدەبی ناتۆرالیزمی لێکەوتەوە. ئەنجامی ئەم هەوڵ و تێکۆشانە لە بەرهەمێکی تیۆریی بەناوی (رۆمانی ئەزموونکاری)دا گەڵاڵە کران. لەم بەرهەمەدا زۆلا ئاماژە بەوە دەدات کە ((رۆمانووس هەم بینەرە و هەم ئەزموونکار. لە پێگەی بینەردا رووداوەکان وەکو خۆی وێنا دەکات و لە پلەی ئەزموونکاردا تاقیگەیەکی ئەزموونکاری دادەمەزرێنێ و کارەکتەرەکان دەخاتە ناو بارودۆخێک کە تێیدا بەدوای یەکداهاتنی رووداوەکان بە شێوەی دەرهاویشتەی جەبریی ئەو دیاردانە خۆیان بنوێنن کە خراونەتە بەر نەشتەری لێکۆڵینەوە.)) جیهانی مرۆڤیش گیرۆدەی هەمان ئەو جەبرەیە کە سەرجەم بوونەوەرەکانی تر پێیەوە پابەندن. ئەم بۆچوونە بنەمای فەلسەفەی ناتۆرالیزمە.
هەروەها دەڵێ: ((رۆمانی ناتۆرالیزمی تاقیکردنەوەیەکی راستەقینەیە کە رۆمانووس بە پشت بەستن بە ئەزموونەکانی، تاکەکانی ناو کۆمەڵگە تاقیدەکاتەوە.)) بۆیە بەلای زۆلا ناتۆرالیزم شێوازێکی ئەدەبیی گۆڕانخوازە. ئەو کەسەی لەسەر بنەمای ئەزموون کاردەکات، پشکێنەری سروشتە و رۆمان بریتییە لە گۆزارشتی ئەزموون و تاقیکردنەوە.

ئەوەی زۆلا پێشنیاز دەکات بەپلەی یەکەم بریتییە لە هێنان یان بەکاربردنی شێوازی زانستە سروشتییەکان بۆ ناو جیهانی ئەدەب و ئەو زانیارییە سەردەمیانەی کە لە ڕێگەی ئەم زانستانەوە دەستەبەر کراون. زۆلا بە کۆمەڵێک بەرهەمی گرنگی زانستی سەردەم کاریگەر بووە. ئەم بەرهەمانە بریتیین لە:

یەکەم: نامیلکەی بۆماوەیی سروشتی (وراثة الطبيعية)ی بەرهەمی (لووکا).

دووەم: بنەمای جۆرەکان(اصل الانواع) بەرهەمی (داروین).

سێیەم: سەرەتایەک بۆ پزیشکی ئەزموونکاری بەرهەمی (کلۆد بێرنار).

یەکەمین بەرهەمی ئەدەبی زۆلا کە بە پشت بەستن بە تیۆری ئەزموونکاریی و جەبری زانستی نووسرا، (تێرێز راکێن)ە. لە پێشەکی ئەم بەرهەمەیدا دەنووسێ: ((لە تێرێز راکێندا تایبەتمەندی ڕەوشتی و دەروونی کەسەکان شرۆڤە نەکراوە، بەڵکو میزاجی کەسەکان شیکراونەتەوە. دڵداریی پاڵەوانەکان بە مەبەستی بەدیهێنانی پێویستییەکانە. ئەگەر دەست بۆ کوشتن دەبەن، بەهۆی تاوانی زینایە و ئەوەی کە پێیدەگووترێ پەشیمانی، بەرەنجامی بێسەروبەریی و کەموکوڕی لە ئەندامەکانی جەستە و هەڵچوون و دەمارگرژی و میزاجە جیاوازەکانیانە.))

بابەتی بۆ ماوەیی

بابەتێکی تر کە لە ڕۆمانی ناتۆرالیزمییەکاندا بەدیدەکرێ و زۆر جەختی لەسەر دەکەن، کاریگەریی دیاردەی بۆماوەیی لەسەر دەروونی تاکەکانە، چونکە پێیانوابوو شێوازی جەستەیی و دەروونی هەموو کەسێک لەلایەن باوانیانەوە بۆیان بە میرات ماوەتەوە. لەم بابەتەدا زۆلا کاریگەر بووە بە لووکا کە کتێبی بۆماوەیی سروشتی نووسیوە و لەسەر بنەمای ئەم تیۆرە ڕۆمانی (ڕوگۆن ماکار)ی نووسیوە کە لە ٢٠ بەرگ پێکهاتووە. ناوەڕۆکی ئەم ڕۆمانە مێژووی سروشتی و کۆمەڵایەتی بنەماڵەیەک لەسەردەمی ئیمپراتۆریدا وێنا دەکات.

## • تایبەتمەندیەکانی ڕێبازی ناتۆرالیزم

١- ناتۆرالیزم دژی بەڵێنە ئایینی، کۆمەڵایەتی و ڕەوشتییە باوەکانی ناو کۆمەڵگەیە.

٢- ئەدەبی ناتۆرالیزمی ڕەخنەیەکی توندە، ئاراستەی کۆمەڵگە دەکرێتەوە و تێیدا هەموو سانسۆر و کۆت و بەندێکی ناو کۆمەڵگە ڕەتدەکاتەوە.

٣- هەموو دین و مەزهەب و بیروباوەڕێکی ئایینی بە خورافە دەزانێ.

٤- ئەدەبی ناتۆرالیزمی ئازادی رەتدەکاتەوە و پێیوایە ژیانی مرۆڤ لە ژێر هەژموونی یێبەزەییانەی جەبری مێژوو و بابەتی بۆماوەیی و گەشەی سروشتی دایە و مرۆڤ وەکو سەرجەم بوونەوەرەکانی تر ملکەجی ئەم گۆڕانکاریانە دەبێ کە روودەدەن.
٥- لە ئەدەبی ناتۆرالیزمیدا لەجیاتی ئەوەی لە رەوشت و هەڵسوکەوتی تاک و دابونەریتی کۆمەڵگە بکۆڵدرێتەوە، میزاجی تاک هەڵوەستەی لەسەر دەکرێ، چونکە مرۆڤ کاریگەری دەمار و خوێنی بەسەرەوەیە.
٦- سەرجەم هەست و سۆز و بیر و هزرەکانی مرۆڤ راستەوخۆ لە ئەنجامی کۆمەڵە گۆڕانکارییەک بەدیدێن کە لە پێکهاتەی جەستەدا بەدیدەکرێن. تایبەتمەندییەکانی جەستەش بەپێی یاساکانی بۆماوەیی لە باوان(دایکوباوک)ەوە بۆ مرۆڤ دەگوازرێتەوە.
٧- زمانی ئەدەبی ناتۆرالیزمی زمانی ئاخاوتنە، ئەو شێوازە زمانییەی کە لە پەیوەندیی رۆژانەدا لەناو خەڵکیدا باوە.

## • پارناسزم

لە دەورووبەری ساڵی ١٨٦٠ لە بارودۆخێکدا کە بازاڕی گفتوگۆ لە بواری ئەدەبدا زۆر گەرم بوو، کۆمەڵە شاعیرێکی لاو کە دروشمی دژ بە رۆمانسیزمیان هەڵگرتبوو و بزاڤی (هونەر بۆ هونەر) کاری تێکردبوون، پێکەوە کۆدەبنەوە. یەکێک لە ناودارترینی ئەم شاعیرانە (لێکۆنت دولیل)ە کە بە دیارترین نوێنەری ئەم چەشنە ئەدەبییە دادەنرێ. لە ساڵی ١٨٦٦ بژاردەیەک لە کۆمەڵە شیعری ئەم شاعیرانە لە چوارچێوەی بەرهەمێکدا بەناوی (پارناسی هاوچەرخ) بڵاوکراوە. دوای ماوەیەک بەرگی دووەم و سێیەمیشی بڵاوکراوە. وردەوردە ئەم شاعیرانە بە پارناسییەکان ناسران. دواجار ئەم زاراوەیە لەلایەن رەخنەگرێک بەناوی (ئەندرێ تریو) لە کتێبێکدا کە تایبەت کرابوو بە شاعیرانی پارناس، بەکارهێنرا.

شیعری پارناس
پارناسییەکان پێیانوابوو شیعر نیشانە و هێمای ناخی کەسێکە کە هەستوسۆزەکانی کپ کردووە. شیعری پارناس دژی شیعری رۆمانسیزمی وەستاوە. شاعیری پارناس هەرگیز نایەوێ ناوەڕۆکی شیعرەکەی بریتی لە

هیوا، ئاوات و خواستە دەروونییەکان بێ، بەڵکو تەنیا باوەڕی بە هونەری بوون هەیە و گرنگی بە جوانی سیما و شێوازی دەربڕین دەدات. ناوەڕۆکی شیعرەکانی سادە و کەم بایەخن، بەڵام قاڵب و فۆرمی شیعرەکە بەوپەڕی لێزانییەوە داڕێژراوە.

- **بنەماکانی ڕێبازی پارناس**

١- جوانی فۆرم، چ لە رووی شێوازی داڕشتن و چ لە رووی هەڵبژاردنی وشەکان.
٢- دوورکەوتنەوە لە هەست و سۆز و گرنگی نەدان بە ئامانج و مەبەست.
٣- جوانی سەروا.
٤- پەیوەستبوون بە (هونەر بۆ هونەر).
شیعری پارناس وەکو مەڕمەڕی ساف و بیٚکەموکوڕ و پتەو وایە. هەر یەک لە وشەکان بەوپەڕی وردبینییەوە هەڵدەبژێردرێن و لە شوێنی پێویست دادەنرێن و شاعیری پارناس دەخوازێ شیعرەکەی لە رووی پتەوی و جوانییەوە وەکو پەیکەرێکی مەڕمەڕی وابێ. شاعیری پارناس باوەڕی وایە کە شیعر نە دەبێ کەس بگریێنێ و نە کەس بە پێکەنین بخات، بەڵکو دەبێ جوان بێ و خۆی ئامانج و مەبەستەکەی خۆی بێ.

- **سیمبولیزم**

وشەی سیمبول symbole بە مانای هێما، رەمز، لە بنەڕەتدا لە وشەی سوم بولون sumbolonی یۆنانییەوە داتاشراوە کە بە مانای پێکەوە لکاندنی دوو پارچەی لێک ترازاوی شتێکە. بۆ نمونە دراوێک بکرێتە دوو پارچە و هەر پارچەیەکی بدرێتە کەسێک و دواتر ئەم دوو کەسە ئەم دوو پارچە دراوە پێکەوە بلکێننەوە. لێرەدا ئەم دوو پارچە دراوە پەیوەندی لەنێوان ئەم دوو کەسەش دروستدەکەن کە رەنگە هەرگیز یەکتریان نەناسیبێ.
واتاکانی زاراوەی سیمبول لەم سەردەمەدا فراوانتر بووە، بۆ نمونە (ئاندرێ لالاند) لە فەرهەنگی هونەری و رەخنەیی فەلسەفەدا بەژێر ناونیشانی سیمبولدا دەنووسێ: سیمبول واتا هەموو هێمایەکی هەست پێکراو کە لە رێگەی پەیوەندییەکی ئاسایی، شتێکی نادیار یان نەبینراو بەرهەست بخات.

سیمبولیستەکان زاراوەی سیمبول بەپێی پێناسەکەی (ژول لێمیتێر) شیدەکەنەوە: بەراوردێکە کە تەنیا بەشی دووەمی رادەستی ئێمە کراوە، رێکخستنی کۆمەڵە خواستنێکی جۆراوجۆرە.

دەروازەیەک بەرەو سیمبولیزم

ئاڵۆزی و بێسەروبەرییەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەم، جۆرێک بارودۆخی دەروونی لە دەروونی وەچەی لاوی ئەدەبی و هونەری هێناثاراوە کە بەرهەمی نائاسوودەیی لە بەرامبەر ژیان و بێزاربوون لە شارستانییەتی کۆن و پووکاوە. ئەم ئەدیبانە کە خۆیان بە بەندکراوی جیهانی تازە و راگواستراو بەرەو جیهانی دژبەر دەزانی، بۆیە چوارچێوەی وشک و بێگیانی شیعری پارناسیان تێپەڕاند و بەوپەڕی درووژانەوە هەم لە بەرامبەر شیعری پارناسەکان و هەم دژ بە فەلسەفەی لێکۆڵینەوەیی و ئەدەبیاتی ریالیزمی و ناتۆرالیزمی یاخی بوونەوە.
لەم قۆناغەدا لە سەرجەم بوارێکدا گیانی یاخیبوون لای ئەم ئەدیبە گەنجانە پەنگی دەخواردەوە. ئەم گەنجانە رقیان لەسەرجەم شێوازە سیاسی، کۆمەڵایەتی، فیکری و هونەرییەکانی رابوردوو دەبووەوە. لەم سەردەمەدا جۆرە هەستیارییەک لە ئارادابوو کە بە (لادان) یان (یاخیبوون) ناسراوە و دەبێتە دەروازەیەک بۆ سیمبولیزم. وشەی Decadent لادان یان یاخیبوون بەمەبەستی رەخنەگرتن و سووکایەتی کردن بۆ ناونانی سەرجەم ئەو کەسانە بەکار دەربرا کە پێرەویان لە (پۆل ڤێرلاین ١٨٤٤-١٨٩٦) دەکرد.
ڤێرلاین کە کەسێکی بێ ماڵ و حاڵ و بەرەڵا و سەرخۆش بوو، شاعیرێکی مەزن و راستەقینە بوو. ڤێرلاین ملکەجی هەوا و هەوەسەکانی خۆی بوو، رەخنەگرێکی فەرەنسی سەبارەت بەم شاعیرە دەڵێ: خەیاڵی هەوەسبازانەی لەگەڵ خەم و پەژارەیەکی ئاوازدار ئاوێتە کردبوو. لە کۆتایی ژیانی پەنای بۆ کاتۆلیزمی برد. لە رێگەی شیعرە ناسک و هونەرییانەکەی، لەلایەک دڵەڕاوکێکانی دەردەبڕی کە دەیانویست بەرەو خودا بڕۆن و لەلایەکی تر درووژانە جەستەییەکانی دەردەبڕی کە چێژی لە هەڵوەرین و شیبوونەوە و بۆگەن بوونی وەردەگرت. ڤێرلاین گیانێکی تازەی بەبەر شیعری فەرەنسا کرد و ئەو شتەی کە دواتر سیمبولیزمی پێگوترا، لە رێگەی ئەوەوە خزایە ناو جیهانی شیعرەوە.
دوو بەرهەمی زۆر گرنگ کە لە ساڵی ١٨٨٤ بڵاوکرانەوە، کاریگەریان هەبووە لە درووستبوونی بزاڤی لادان و یاخیبوون و رێبازی سیمبولیزم. یەکەم (شاعیرە نەفرەت لێکراوەکان) بەرهەمی ڤێرلاین و ئەوی تریان رۆمانی (ئاوەژوو) بەرهەمی ژوریس کاڕڵ هویسمانس.

لە ساڵی ١٨٨٤ کتێبی شاعیرە نەفرەت لێکراوەکان بڵاوبۆوە، کە سێ وتاریی سەبارەت بە (تریستان کوربی یر، ئەرتەر رامبۆ، ئیستیفان مالارمی)ی تێدا بڵاوکرایەوە. بۆ یەکەمینجار لەم کتێبەدا شەش شیعری تەواوی رامبۆ بڵاوکرایەوە. سەبارەت بە کاریگەریی ئەم کتێبە گووتراوە، وەکو کلکە باروتێک وابوو کە دایانگیرساند و کۆگای باروتی گرتەوە و لە چرکەساتێکدا هەموو شتێکی سەبارەت بە ئەدەبیات گۆری.

بزاڤی لادان یان یاخیبوون

لە ساڵی ١٨٨٥ لە رۆژنامەیەک سەبارەت بەمانەوە نووسرابوو: ئێستا نۆرەی ئەو کەسانەیە کە تووشی نەخۆشی دەماری و هیستریک بوونە. ئەم شاعیرە لاوانە لە هزری پارناسی بێزاربوون، بۆیە لە چایخانە و یانەکاندا کۆدەبوونەوە و جارجارە گۆڤارێکی ئەدەبییان دەردەکرد و بۆ ماوەیەک بەرهەمەکانیان تێدا بڵاودەکردەوە. بەزۆری تەمەنی ئەم گۆڤارانە کورت بوو و تەنیا سێ چوار ژمارەیان لێدەردەکرا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە جیهانی ئەدەبدا زۆر کاریگەر بوون. (شارڵ کرۆس) و (ئالفۆنس ئالێ) رەهەندی (پووچی)یان هێنا ناو ئەدەبیاتەوە. (موریس رۆلینا) بە پیشاندانی گیانی نەخۆشی دەروونی و (ژوول لافۆرگ) بە سرووده تاڵ و شیرینەکانی، دڵەڕاوکێ و نائاسوودەیی خۆیانیان لەسەر بابەتەکان خستەڕوو. ئەم کۆمەڵە شاعیرە گەنجە بەردەوام گاڵتەیان پێدەکرا و بەرهەمەکانیان لەلایەن ئەنجومەنە ئەدەبییەکان ئاوڕی لێنەدەدراوە، بەڵام زۆری نەخایاند کە ژمارەیەک شاعیری مەزنی وەکو ڤێرلاین، مالارمی، هێردیا، فڕانسوا کوپێ، مورێئا چوونە ریزی ئەوانەوە.

ناودارترین شاعیری قۆناغی لادان یان یاخیبوون، (ژوول لافۆرگ)ە و بەرهەمەکانی بە نمونەی راستەقینەی ئەم قۆناغە دادەنرێن. لافۆرگ زمانێکی تێکەڵ و ئاڵۆزی بۆ هۆنینەوەی شیعر داهێنا کە لە یەکەم هەنگاودا خوێنەر توشی سەرسوڕمان دەکات. وشە فەلسەفییەکانی لەگەڵ زاراوە پیشەسازییەکان و زمانی میللی و شێوازی ئاخاوتنی بەڕەڵاکانی پاریسی تێکەڵ کرد. سەبارەت بە کێشی شیعریش یاساکانی کێشی شیعری شێواند، کێشی شیعری لاواندنەوەی بۆ شیعری شایی و خۆشێ هەڵدەبژارد و ...هتد.

رێبازی سیمبولیزم

سیمبولیزمییەکان توانیان پتر لە شاعیرانی بزاڤی یاخیبوون، سەرکەوتن تۆماربکەن و یاسای گرنگ تر و رێکوپێک تر دەسنیشان بکەن. دوابەدوای شاعیرانی بزاڤی یاخیبوون و بڵاوکردنەوەی وتارەکانیان لە گۆڤارەکاندا لە ساڵی

١٨٨٤ بەولاوە، ئیتر وردەوردە ئەم چەشنە ئەدەبییە و ئەو گۆڕان مەزنە لە ئەدەبیاتدا خۆی سەلماند و ڕێگەکانی دەرکەوتنی ڕێبازی سیمبولیزمی هەموار کرد. دواجار (ژان مورێئاس)ی شاعیری یۆنانی نەژاد لە ژمارە ١٨ی سێپتەمبەری ١٨٨٦ی ڕۆژنامەی (فیگارۆ)دا مانیفێستی ڕێبازی سیمولیزمی بڵاوکردەوە. لەم بەیاننامەیەدا بوو کە بۆ یەکەمینجار زاراوەی سیمبولیزم بۆ ناوی ڕێبازێکی ئەدەبی بەکارهات.

- **بنەماکانی ڕێبازی سیمبولیزم**

لەرووی فیکرییەوە سیمبولیزم پتر لەژێر کاریگەری فەلسەفەی ئایدیالیزم بوو کە ئیلهامی لە میتافیزیکەوە وەردەگرت. سیمبولیزمییەکان لەناو گۆمی قووڵی خەیاڵی بە خەم تەنراو نقووم ببوون و هەموو شتێکیان لە پشت شەبەنگی شڵەژێنەری گیانی خەیاڵاوییانەوە تەماشا دەکرد. بۆ ئەو شاعیرانەی کە لەم کەش و بارەدا پەروەردە ببوون هیچ شتێک باشتر لە کەشوهەوای تەمومژاوی و نادیار و نیوەتاریک نەبوو. شاعیری سیمبولیزم لەم کەش و بارە لێڵ و تەمومژاوی و لەناو خەون و خەیاڵەکانیدا خۆی بەدەست مالیخولیاکانی دەسپێرێ. کۆشکە کۆن و خاپوورەکان، شارە وێرانەکان، ئەو ئاوە مەنگانەی کە بەگەڵای زەرد داپۆشراون، بریسکەی ئەو چرایەی کە لەناو تاریکاییدا دەلەرزێ و...هتد ئەمانە گشتیان ئەو دیمەنانەن کە لە شیعری سیمبولیزمییەکاندا دەبینرێن. لەم ناوەندەدا نابێ ڕۆڵ و کاریگەری (ئەدگار ئەلێن پۆ)ی نووسەری ئەمریکی فەرامۆش بکرێ، چونکە بەرهەمەکانی ئەم نووسەرە لەلایەن ئێستیفان مالارمێ و بودلێر بۆ سەر زمانی فەڕەنسی وەرگێڕدران.
لە رووی زمانەوە، سیمبولیزمییەکان حەزیان دەکرد گشت یاسا زمانەوانییەکان بگۆڕن. بەرلە سیمبولیزم وشەکان بەپێی لۆجیکی زمانەوانی پۆلیندەکران، بەڵام سیمبولزمییەکان رایانگەیاند کە ئەم بنەمایانە تەنیا دەبێ هەستی بن و وشەکان نابێ لە رووی یاسا لۆجیکییەکان، بەڵکو بەگوێرەی ئەو هەستەی کە شاعیر هەیەتی لەگەڵ یەکتریدا پۆلین بکرێن و رستەسازی بکرێ. پیشاندانی خەیاڵە لێڵەکانی سیمبولیزم لەرێگەی زمانی سادە و راستەوخۆ و راشکاوانە کە بتوانێ هەموو شتێک دەربڕێ، کارێکە هەرگیز سەرناگرێ. بۆیە پێیانوابوو شیعریش وەکو مۆسیقا لێڵ و ناڕوون بێ. دەیانگووت کێشی شیعر، باڵی خەیاڵ دەبەستێتەوە و خەیاڵ دەخاتە ناو قەفەسەوە.
لە روانگەی سیمبولیزمییەکان مەیدانی شیعر لەو شوێنەوە دەسپێدەکا کە پەیوەندییەکان لەگەڵ واقیعدا لێک بترازێن و ئەم مەیدانە تاکو ئەوپەڕی بێسنووری هەڵدەکشێ. ئامانج و مەبەستی شیعریی سیمبولیزمی ئەوەیە

کە شکۆی هەست و سۆز و خەیاڵکردن بە وەسفی سادە و روون و ئاشکرا لەناو نەبەین و بۆ ئەم کارە دەبێ کەش و هەوای پێویست بۆ شیعر بخوڵقێنرێ.
هەندێ لە سیمبولیزمییەکان کێشی شیعرییان هەموارکردەوە و سەروابەندیان گۆڕی. بەم پێیە لەناو سیمبولیزمییەکاندا دوو ئاراستە هەبوو:
یەکەم: ئاراستەی مالارمێ و رێنێ گیل کە زمانی ئەدەب و زمانی ئاخاوتنیان لە یەکتری جیاکردەوە. بە مەبەستی دەربڕینی ورووژانە ناسکە سیمبولیزمییەکان، بەکاربردنی زمانێکی جیاواز لە زمانی ئاخاوتنی خەڵکیان بە پێویست دەزانی. ئەم ئاراستەیە قالبی شیعری رۆمانسیزم و پارناسیان بەهەمان شێوازەکانیان پەسندکرد.
دووەم: ئاراستەی ڤێرلاین و ژول لافۆرگ، گاڵتەیان بە زمانی ئەکادیمیا و زمان و شێوازی دەربڕینی پارناسی دەکرد و هەوڵیان دەدا بە شێوەیەکی هونەرییانە لاسایی لە زمانی میللی بکەنەوە. هەروەها بیریان لە هەڵوەشاندنەوەی قاڵبە شیعرییەکان کردەوە و بەم چەشنە شیعری (سەربەست) لەدایکبوو.